بۆ ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستان، تەنیا ڕێگایەک هەیە،
ئەویش ڕێگای کوردایەتیە.

---

# کوردو
# شــۆڕشی ١٤ ی گەلاویــژی
# ساڵی ١٩٥٨ ی عراق

هەواڵنامەی کتێب

گووتاری

دوکتۆر یوسف زەنگەنە

لە کۆڕی بیرەوەری شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژدا لە شاری لەندەن

-------------------------

لە بلاوکراوەکانی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردی
لەندەن -١٩٩٧-

بۆ ئازادی کوردو ڕزگاری کوردستان، تەنیا ڕێگایەک هەیە،

ئەویش ڕێگای کوردایەتیە

---

# کوردو

# شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی

# ساڵی ١٩٥٨ی عراق

هەواڵنامەی کتێب

گووتاری

## دوکتۆر یوسف زەنگەنە

لە کۆڕی بیرەوەری شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژدا لە شاری لەندەن

---

لە بڵاوکراوەکانی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی کوردی

لەندەن ١٩٩٧

# پێشکەشە بە

- ئەو کەسانەی کە بە دڵێکی پاکەوەو لە ڕوانگەی بەر فراوانی بیرو باوەری کوردایەتیەوە، دەڕواننە، ئاوات و ئارمانی نەتەوەکەمان و لە پێناوی بە دیهێنانیدا، بێ ووچان لە خەبات و تێکۆشاندان.
- شێتەکانی کوردستان، ئەوانەی کەوا بە زۆر شێت کران.
- کاکە عوسمان جۆلا، کوردێکی دلێرو دڵسۆز، کە لە کۆڕەکەدا، ڕەنگی بەخشی بە دەنگم.
- مامۆستا جەماڵ نەبەز، کە بیروباوەڕە کوردێنیەکەی وەکو هەتاو ئاسمان گووتارەکەمی ڕوناک کردووەتەوە.
- پیرس و پەیام، بەو ئاواتەوە کە نەیەڵن پاش من، گڕی ئاگری مەشخەڵی بیروباوەڕەکەم دابمرکێت و بکوژێتەوە.

یوسف زەنگەنە

# پێشەکی

هەندێک لە عراقیە عارەبەکانی دانیشتووی شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، داوایان لێکردم لە کۆڕێکدا بەشداری بکەم کە بە تەما بوون بە بۆنەی بیرەوەری ساڵرۆژی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ وە، ئامادەی بکەن و بیگێڕن.

لە سەرەتادا ڕازی نەبووم، بەڵام پاش بیرکردنەوەیەکی کەم بە باشم زانی کە بەشداری تێدا بکەم و شاراوەی دڵی زۆربەی زۆری ئەندامانی نەتەوەکەم ڕاستەوخۆ بگەێنیمە گوێی عارەبەکان، پاش ئەوەی زانیم کە چەند کەسێک لە ئەفسەرانی گەورەی بەشدار بوو لە شۆڕشەکەدا لەوێ دەبن: جگە لە نوێنەرانی زۆربەی پارتە عارەبەکانی دژ بە سەرۆک و ڕژێمی بەعسی عراق؛ بە تایبەت ئەوانەیان کە چرکە ژمێری دەکەن بۆ ئەوەی بە هەر هۆو شێوەیەک بێت ڕژێم بکەوێتە دەستیان و ببن بە جێ نشینی ئەمانەی ئەمڕۆ، جگە لە لایەنگیرانی عبدالکریم قاسم، یەکەمین سەرۆکی شۆڕشی ١٤ گەلاوێژ، کە ئێستاش ئەو بە باشترین و دڵسۆزترین ڕابەر لە مێژووی عراقدا، لە قەڵەم دەدەن.

هۆیەکی دیکەی بڕیاری بەشدار بوون ئەوەبو کە زۆر چاکم دەزانی و بەلامەوە ڕوون و ئاشکرابوو، تاوەکو ئەو کاتەو ئەمڕۆ و تا ڕۆژێکیش لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بن، ڕابەران و لێپرسراوانی پارتە کوردەکانی خۆمان هیوای کورد و داوای کورد و شاراوەی ڕاستەقینەی دڵی ڕەش و ڕووتی کورد، بۆ هیچ لایەنێکی عارەب و نا عارەب، دەسەڵاتدارو بێدەسەڵات ڕاستەو خۆ، باس ناکەن و نایدەن بە ڕوویاندا، چونکە لەوە دەترسێن بەو کارو کردوەیەیان بەستەیەک لەو بەستە پارانە کەم ببێتەوە کە شاراوەو ئاشکرا دەڕژێتە دەفتەری بانکەکانیانەوە لە بانکە بە نێو بانگەکانی جیهاندا.

لە بارەی ئەو بابەتەوە کە قسەی لەسەر بکەم بڕیار لەسەر (ڕۆڵی گەلی کورد لە شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ ) درا. بەلام لە بارەی هەڵبژاردنی منەوە بۆ قسە کردن لەو کۆڕەدا، چەند لایەنیەک دروست ببو لە نێو عارەبەکاندا، ئەوانەی کە منیان بە بێلایەن دەناسی و پێیان خۆش بوو من بەشداری بکەم، ئەو لایەنە بوون کە حەزیان لە پارتە کوردەکان نە دەکردو زۆر چاک دەیانزانی بایی چەندن و چەندیش بێ بەندو بارن ، بەو هۆیەوە پێویستیان بە کەسێک بوو کە قسەی ڕاست و بە جێی دوور لە بیروباوەڕی پارتە کوردەکانیان بۆ بکات، کە بە گووتەی عارەبەکان *پارتە کوردەکان، خۆیانیش نازانن چییان بۆ کوردو*

هەواڵنامەی کتێب

بۆ *خۆیان دەوێت*. لەمەدا عارەبەکان زۆر ڕاستن. لایەنێکی دیکەش، ئەوانە بوون کە لەوەو بەر لە شوێن و کۆڕو کۆبونەوەی دیکەدا گوێیان لە من ببو و دەیان زانی بە بێ ترس و پێچ و پەنا دەردی دڵی کوردانیان دەدەم بە ڕووداو بە بۆچوونی خۆیان دڵی هەندێ لە میوانەکان بە وشەکانم دەڕەنجێ، بەو هۆیەوە دوو دڵ بوون لە بانگهێشتەکەیاندا. لایەنی سێیەم چەپیەکان بوون و دەیانزانی ئەگەر ووشەکانم خوێنی ئەوانیش بکوڵێنێ بەڵام دڵ و جەرگی عارەبە ناسیونالیستەکان دەسووتێنێ و دەبرژێنێ چونکە دانولکەی ئەو دوو بیرو باوەرە پێکەوە لە یەک مەنجەڵدا ناکوڵێ، با هەردوو لا عارەبیش بن، بەو هۆیەوە بەشدار بوونی منیان پێخۆشتر بوو لەوەی کە کابرایەکی لایەنگیری یەکێک لە پارتە کوردیەکان، کە بە بۆچونی ئەوان هەموویان سەر بە *ئیمپریالسمی ڕۆژ ئاوان و لە قسەی لوس و بێ ناووک و ناوەڕەک بەو لاوە هیچی تریان لە بیرو لە سەر زماندا نیە و ئەوەش کە دەڵێن چەند بارە کردنەوەی قەوانێکی شکاوە کە تا ئێستا هەزاران جار گوتیان لێبووە*، کە بێگومان ئەوانیش تا ڕادەیەک ڕاستیان فەرموو لە بارەی پارتە کوردیەکانەوە.

لە ئاکامی گووت و بێژو سێ و دوو و لێدوانی نێوان خۆیاندا، بڕیار لە سەر من درابو و من هەڵبژێردرام.

هەوڵنامەی کتێب

چەند هەفتەیەک بەر لەدەست پێکردنی کۆڕەکە، یەکێک لە ڕێکخەرانیان چەند جارێک سەردانی منی کرد. لەبەر ئەوەی زۆر چاک شارەزای فرو فێڵی بە نێو برا عارەب و تورک و فارسەکانمان ببوم و لام ڕوون و ئاشکرابو، هەروەها دەمزانی کە مشە مشی ئەو کابرایە بۆ بۆن کردنی ئەو قسانەیە کە من لە کۆڕەکەدا دەیکەم. منیش زۆر لە مێژدا ڕاهاتووم چۆن ڕەفتار لە گەڵ دوژمنانی بە نێو دۆست دا بکەم. لە دلانیشتنێکدا، بێ ئەوەی بیەڵم ئەو پرسیار بکات، باسی چەندین سەر دێڕی نەرم و هێمنی گوتارەکەم بۆی کردو پرسیم ڕای تۆ چیە ئەگەر لە سەر ئەم شتانە بدوێم ؟ زۆری بە دڵ بوو و شادیش بوو لەوەی بە بێ پرسیارو کەوتنە شەرمەوە، گەیشت بە ئەوەی کە دەیویست. دەمزانی ئەگەر بۆنیان بکردبایە قسەکانی من بە گوێرەی دڵ و بۆچونی ئەوان نیە، بە هەر هۆو شێوەیەک بێت، بیانوویەک دەدۆزنەوە بۆ هەڵ وەشاندنەوەی بڕیارەکەیان و منیش لەو کاتەدا بە هیچ شێوەیەک نەمدەتوانی گلەیی یا زۆریان لێبکەم و بڵێم دەمەوێ بەشداز بم لە کۆڕەکەتاندا. بێگومان کردەوەی ناشیرینی ناردنی ئەوە کابرایە بۆ ئەو مەبەستەی کە باسم کرد، خاڵێکی نێجگار گرنگی لەو کاتەدا بۆم ڕوون کردەوە، ئەویش ئەوەبو کە ئەم عارەبانەش هەر وەک ئەوانەی دیکە کە ئێستا دەسەڵاتدارن لە عراقدا، بەر لەوەی دەسەڵات بگرن بە دەستەوە لە بیری سانسۆرو

(رقابـه ) دان و ڕێ بـه مرۆڤی ئـازاد بـیر نـادەن ووشـەی ئـازاد بخوێنێت بە گوێیاندا، ئەم کارە خۆی پێچەوانەی ئەو دروشمانەیە بەرزیان کردووەتەوە کە باسی ئازادی ووشەو ئازادی بیرو بۆچوون دەکات بۆ هەموو خەڵکی عێراق و خۆی باشـترین نمونـەی ستەم و دیکتاتۆریەتە.[1]

ڕۆژەکە هـات و کۆڕەکـە بەسـترا و نۆرەی منیش هـات و دەستم بە قسە کرد. برایەکی کوردی وەکو گوێگر، ئامادە بـوو لـە کۆڕەکەدا پاش تەواو بوونی قسەکانم ڕوو لـە کـابرای بەڕێوبـەر بـە عارەبیەکی لەوەی من شکاوتر فەرموی:

" قسەکانی ئەم برادەرە، قسەی دڵی لە سەددا نـەوەدو نۆ و نۆی میللەتی کوردە لە سەرتا سەری کوردستاندا ".

بێگومـان کۆڕەکـە بـە زمـانی عـارەبی بـوو، لـە کـاتێکدا خەریکی قسە کردن بووم، چەند عارەبێک کە دیار بـوو خۆیان بە شـتی زل دەهاتـە بەر چاوو، لەوانـە بـوون کـە ڕێزیان گرتبو بـۆ ئەوەی ببن بە سەرۆک کۆماری ئایندەی عێراق، قسـەکانی منیـان لا پەسـەند نـەبوو دڵیـانی ئێشـاندبوو، بۆیـە بـۆ پیشـانداتی نـاڕەزایی هەستان و هۆڵەکەیان بە جێهێشت، بەڵام بەر لەوەی بە یـەکجاری لـە چاو بزر ببن، چـەند وشـەیەکی ئـاگرینم ئاراستەیان کرد کـە

[1]. تکایە تەماشای پەیوەستی ژمارە ( ١ ) بکە.

هەواڵنامەی کتێب

دەقەکەی لە نێو گوتارەکەمدا دەکەوێتە بەر چاوتان و بە پیتی *لار وتۆخ* نووسراوەتەوە.

ئەوەی شایانە کە بگوترێ دوای کۆتایی هاتنی کۆڕەکە و تاوەکو ئەمڕۆ ڕێکخەرانی کۆڕەکەو برێکی زۆریش لە عارەبە ئامادە بووەکان، پەیوەندیان لە گەڵ مندا بڕیوەو کە دەمبینن بە شێوەیەکی ئاشکرا، ڕوویان وەردەگێڕن ڕق و کینەی دڵی ڕەشیان پێ ناشاردرێتەوە، ئەوجا وای بە حاڵی من و ئەندامانی نەتەوەکەی من کە ئەمان لە عێراقدا دەسەڵاتیان بکەوێتە دەست، چیمان بە سەر دەهێنن، باوەر بکەن، کارێکی وا بە کورد دەکەن کە هەزار دروودو (ڕەحمەت) بۆ خوێن ڕێژانی ئەمڕۆ بنێرین، چونکە پێشینان گوتەنی، تاریکی شەو لە ئێوارەکەیەوە دیارە.

ئاواتە خوازم ئێوەی خوشک و برای کوردم قسەکان و بۆچوونەکانی منتان بە دڵ بێت. ئەگەر بە باشتان زانی سەر *مەشق و هەڵوێستی پاشە ڕۆژتان بێت لە کاتی ڕوبەڕو بووندا لە گەڵ هەموو ئەو لایەنانەدا کە بە دەم و زمان، دۆستن و لە دڵەوە، دوژمن.*

**یوسف زەنگەنە**

لەندەن-بەریتانیا

پاییزی ١٩٩٧ ی زایینی

# دەقی بە کوردی کراوی گوتارەکە

دانیشتوانی بەڕێز/

ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان شاد.

بەر لە هەمووشتێک داوای لێبوردنتان لێدەکەم لەبەر هەندی هەڵەی زمانەوانی کە لە ئاخاوتنەکەمدا ڕوو دەدات و لە بەر ئاسانی و لاوازی ئەو ووشانەی کە بە کاری دەبەم، وەک دەزانن کوردم و کوردیش زمانی سەرەکیمەو عارەبی زمانی دووهەمی منە یا لە ڕاستیدا زمانی بە زۆر چەسپێنراوە بە سەرمدا لە ژیانی خوێندنمدا، لە قوتابخانەکەمدا، قوتابخانەیەک کە کەوتبووە نێو جەرگەی کوردستانەوە بەڵام بەداخەوە لەو قوتابخانەیەدا تاکو ئەلف و بێی زمانەکەی خۆشم فێر نەکرام.

گومانم نیە کە، ئەگەر زمانی عارەبی بە زۆر نەچەسپێندرابایە بە سەرماندا، چاکتر و ڕاستتر و ڕێک و پێکتر لەوەی ئێستامان ئێمەی کورد فێری دەبووین. ئەگەر بە دەیان درۆ وفروفێڵی وەکو ئەوەی کە زمانی خەڵکی بەهەشتەو ئەوەی نەیزانێ لە بەهەشتدا وەکو زیندانی کرابێت وایە یا دوو فریشتەی ( خێرو شەڕی ) شەوی یەکەمی گوڕ، عارەبن و ئەوەی عاربی

نەزانێت ئەوا ئەو دوو فریشتەیە لە شەوی یەکەمەوە لێی زیز دەبن و بە جێی دەهێڵن لە گۆڕەکەیداو تا ڕۆژی هەڵسانەوە هەر لەوێدا دەمێنێت، بە بێ ئەوەی کەسێک لێی بپرسێتەوە یا کیژۆڵەکانی (پەریەکان ) بەهەشت هاووسەری ناکەن و ڕا نابوێرن لە گەڵ هەر کەسێکدا کە عارەبی نەزانێت و بە زمانی خۆیان (کە عارەبیە ) قسەیان لە گەڵدا نەکات و ئەوەی پێویستیەتی بە عارەبی داوایان لێ نەکات، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر بێ بەش بوونی عارەبی نەزانەکان لە ئاخاوتن لە گەڵ یەزدانی مەزندایە و ئیتر خۆتان سزای کەسێک لە چاو بگرن کە یەزدان لێی بچێت بە قینداو قسەی لەگەڵدا نەکات. بەڵێ ئەگەر ئەم درو فێڵانە نەبوایە، ئێمەی کورد زۆر بەهێزتر دەنووساین بە زمانی عارەبیەوەو وەکو زمانەکەی خۆمان بگرە چاکتر فێری دەبوین و هەڵەی گەورەی ڕژێمە عارەبیەکانی عراق لێرەدا دەردەکەوێت کە دەیانەوێت بە زۆر بیرو باوەڕی نەتەوەکەی خۆیان بچەسپێنن بە سەر نەتەوەیەکی تردا و بە هەوڵ و کۆشش و ماندو بوون و ئاوی نێوچاوان ڕژتنی میللەتێکی تر، ژیانی خۆشی پڕ لە کەم و کورتی بۆ میللەتەکەی خۆیان دروست بکەن ، چونکە ئەم کردەوە ناشرینانە تا کاتێک باوەڕی پێدەکرا کە ڕادەی زانیاری و ئاگایی خەڵکی کورد بە هۆی ستەمی عارەبەوە، زۆر دواکەوتو و لاوازو لە خوارەوە بوو، بەلام

ئەمرۆ نە تەنیا، بەرابەرە بەوەی عارەب بەڵکو لە زۆر لایەندا تا بڵێی بەرزترو پێشکەوتوو ترە.

ئامادە بووانی بەڕێز/

عراق وولاتی ئێمەشە یا لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم وڵاتی ئێمەیە و مرۆڤ لە وولاتەکەی خۆیدایە کە فێری زمانەکەی خۆیی و هاو وولاتیەکانی دیکەی دەبێ، بەڵام با ڕاستەو خۆ پێتان بڵێم چۆن و لە کوێ ئێمەی نەوەی ئەمرۆ فێری زمانەکەتان ببین کە لە ڕۆژێکەوە چاوومان کردووەتەوە بە هۆی زۆرو ستەمی عارەبەوە، بە هەزاران هۆو بیانووەوە ئاوارەو دەربەدەری ئەم شاخ و ئەو چیا و ئەم وولات و ئەو وولاتی بێگانەین و لە ترسی ڕژێمەکانی ئێوەی عارەب ئوقرەمان بە خۆمانەوە نەگرتووە یا تەنیا لەبەر ئەوەی کوردین، یا لەبەر ئەوەی ویستوومانە بە زمانی خۆمان بڵێین و بنووسین و جلو بەرگی خۆمان لەبەر بکەین یا بە هۆی بەشدار بوونمان لەو پارت و ڕێکخراوانەدا کە ئارمانیان بە دڵی عارەب نەبووە، یا بەشدار بوونی ڕاستەو خۆو ناڕاستەو خۆ لە شۆرشەکانی نەتەوەیی خۆماندا کە لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەماندا دروست بووەو دەستی بە بەرانگا کردن کردووە ئەویش لە مالی خۆمانداو لەسەر خاکی خۆماندا. ئێوە بوون هێرشی بێ بەزەیی و درندانەتان بۆمان هێناوە و دوا بە دوای ئەوەش پاش شکانی شۆرشەکان ڕومان لە ولاتانی تر کردوە کە

سەد لە سەد زمانەکانیان لە گەڵ ئەوەی ئێوەدا جیاواز بووە، یا بە زۆر دوور خستنەوەمان لە وڵاتەکەمان بە هەزار بیانوی پووچەوە، وەکو ئەوانەی بۆ کوردە فەیلیەکان و لوڕەکان دروستتان کرد کە ئێرانین و مافی ئەوەیان نیە لە خاکی عیراقدا بژین کە ئەمە گەورەترین تاوانی عارەبەکانی عراقە و هەرگیز مێژوو لە بیری ناکات چونکە لە هیچ شوێنێکی دیکەی جیهاندا ڕوی نەداوە و ڕەوا نیە مێوان خاوەن ماڵ لە ماڵەکەی خۆی دەربکات و خۆی بە خاوەن ماڵ بژمێرێت لە کاتێکدا خاوەن ماڵ هەزاران ساڵ بەر لە مێوانی تازە کۆچ کردو نیشتە جێی ئەو ماڵ و هەوارە بووە، بە بێ شەرم وترس دەڵێم، مەبەستیشم لە مێوان ئێوەی عارەبە، ئێوە کە ئێستا من بە زمانەکەتان قسە دەکەم و بەرامبەر بە هەندێکتان دانیشتووم لەوانەتان کە لە بیری پاشە ڕۆژی وڵاتەکەماندان و دەتانەوی چارە سەرێک بۆ گیروگرفتەکانی بدۆزنەوە و ئیتر نازانم ئەو پاشە ڕۆژە چی بۆ ئێمەی کورد بە دیاری دەهێنێت لە سەر دەستی ئێوە، برایەتی و ئازادیو هاوبەشیەکی ڕاستەقینە لە خێرو شەڕی وڵاتەکەدا، یا بەشێکی زۆرتر لە کوشتن و ئەشکەنجەو زیندان و لە تیزابدا تاواندنەوە، یا چەکی قورستر و لە نێوبەرتر لە ناپاڵم و فوسفۆری و کیمیاویو میکرۆبی.

بەڵێ بەڕێزان/

هەولێرەی کتێب

ئەوەی باسم کرد هۆیەکی تر بوو لەو هۆیانـەی کـە زمـانی ئێمەی لاوانی کـوردی ئـەم سـەردەمە بـاش نـەبێت و لاوازو پـڕ لـە هەڵەش بێت، ئەگەرچی من وەکـو تاکـە کـەس هـەوڵێکی تایبـەتی زۆرم داوە و دەدەم بۆ فێر بوونی زمانەکە، ئەویش تـەنیا بۆ ئـەوەی بتوانم ئاخاوتنی پێ بکـەم و پێی بنووسم، تـاوەکو بتـوانم دەردو خـەمی نەتەوەکـەم بـۆ مرۆڤـە بـە هەسـت و بـە ویـژدان و ڕاســتی پەرستانی عارەبی هـاووڵاتیم بـاس بکـەم و بگێڕمــەوە، تـاوەکو تێبگەن و بزانن میللەتەکەم چی بە سەر هـاتووەو دێت بەدەسـتی باپـیرو بـاوکە وبــراو کوڕەکانیانــەوە، ئەوانــەی کــە بــەر لــەوەی دەسەڵات وەربگرن و لە سەنگەری دژ بە لایەنی خـاوەن دەسـەڵات و لە سەر کار بن، ئێمـەی کـورد بـە بـراو هاوپـەیمان و هاوبـەش دەزمێرن و لە قەڵەم دەدەن، بەڵام هەر کە چنگی خۆیان گیر کرد، لە چاو ترووکەیەکدا ئایەتەکە بە پێچەوانەوە وەردەگێرن و بەڵێن و پەیمانەکان دەدڕێنن و دەیخەنە ژێـر پێـوەو دەبـن بـە دوژمنێکـی درندەتر لەوانەی پێشوو، پاش ئەوەی بـەر لـە سـەرکەوتن، برامـان بوون و دەست لە دەست بووین و خوێنـی ئێمـە دەبـوو بـە لافـاوو شەپۆلی دەبەست و تاج و تەختی دوژمنانی ئـەوانی ڕادەماڵکـاندو لەشی ئێمە دەبوو بە پردو بە سـەریدا تێدەپـەڕین و کەللـە سـەری لاوانی ئێمە دەبـو بـە پلـەو لـە سـەریانەوە هـەڵدەگژان بـە قـەڵای دوژمنـەکانیانداو داگیریـان دەکـردوو لـە بریتـی ئـەوەی دەسـتی

هەواڵنامەی کێڵێ

ئێمەش بگرن و هەڵماتکێشن بۆ سەر قەڵاکە تا ئێمەش وەکو ئەوان بۆنی خۆشی ئازادی و سەرکەوتن هەڵمژین و تامی لێوەربگرین، لە سەر قەڵاکەوە بەردو گوللەو تۆپ و ئاگرو گازی کیمیاوی بارانمان دەکەن و ئەوەی ئەمان پێماتی دەکەن ئەوانی پێشو هەر بە خەیاڵیشیاندا نەدەهات.

بەڵێ بەڕێزان/

ئەمەیە داستانی زمان و ئەمەیە داستانی ئێمەی کورد لە گەڵ ئێوەی عارەبدا و لە گەڵ هەموو پارت و لایەنە سیاسیە ئۆپۆزوسیۆنەکانی (المعارضة) ئێوەدا لە سەرەتای دەست پێکردنی (المعارضة)وە لە سەردەمی رژێمی پاشایەتیەوە، تا دەگاتە دلم و دەزگای عبدالکریم قاسمی کورد کوژ و دەستە خوێن رێژو خوێن مژەکەی ئێستا.

(لێرەدا بوو کە بینیم چەند کەسێک هەستان تاوەکو هۆڵەکە بە نیشانەی نا ڕەزایی لە قسەکانی من بە جێ بهێڵن بەڵام هێشتا بە تەواوی لە چاوو بزر نەبوو بوون بەبێ بچڕاندنی زنجیرەی قسەکردن بانگم لێیان کردو گوتم:

*بەڕێزان _ئێوە کە خەریکن بە تووڕەییەوە دانیشتنەکە بە جێ دەهێڵن _ بەم کارەتان ڕاست بوونی بۆچوونەکانی منتان سەلماندو بەڵگەتان دا بە دەستەوە کە ئێستا، هێشتا دەسەڵاتتان لە دەستدا نیە، ناتوانن گوێ لە قسەو داوای*

*هاووڵاتیەکی خۆتان بگرن و دەم بە بۆڵە بۆڵو ڕووگرژو تووڕەو بە قینەوە دانیشتنەکە بە جێ دەهێڵن، ئەی سبەینێ ئەگەر دەسەڵاتتان کەوتە دەست چی دەکەن و چۆن ڕەفتارمان لە گەڵدا دەکەن؟*. ئەوان دەرچوون ومنیش بەردەوام بوم لە سەر قسەکانی خۆم و ڕوو لە دانیشتووان گوتم :

ولامی ئەو پرسیارەی لەوانم کرد ئێوە بیدەنەوە.( هەندێکیان چەپڵەیان لێدا).

بەڵێ بەرێزان/

من شانازی دەکەم کە کەمێک عارەبی دەزانم و بۆ ئێوەی بەرێز بە سەرهاتی نەتەوەیەک دەگێرمەوە کە بە بۆچوون و ڕاو، دانپێدانانی بە نێوبانگترین و ناسراوترین مێژوو زانانی جیهانی لەوانە زانای ڕوسی Mar وزانایان Mieoriski و Noldeke و Hartman و Wessback و زۆر لە زانایانی عارەبیش، لە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانەوە، نیشتە جێی ئەو سەر زەمینەن کە ئێستاش تێیدا دەژین و هیچ بەڵگەنامەیەکی جوگرافی و مێژوویی لە جیهاندا نیە شوێن پێی هاتن یا کۆچ کردن یا هەڵهاتن یا هێرشی ئەوان لە شوێنێکی دیکەی جیهانەوە بۆ سەرزەمینی ئێستا کە نێوی کوردستانە، بسەلمێنێت.

لە بارەی وشەی کوردستانەوە بە پێچەوانەی ئەوەوە کە مێژووناسانی عارەب دەڵێن، هەرگیز ووشەکە سیاسی و نوێ نیە،

کردن یا هەڵهاتن یا هێرشی ئەوان لە شوێنێکی دیکەی جیهانەوە بۆ سەرزەمینی ئێستا کە نێوی کوردستانە، بسەلمێنێت.

لە بارەی وشەی کوردستانەوە بە پێچەوانەی ئەوەوە کە مێژووناسانی عارەب دەڵێن، هەرگیز ووشەکە سیاسی و نوێ نیە، زۆریش لە مێژدا و لە سەدەکانی زۆر کۆنیشدا بە کار هێنراوە و باشترین بەڵگەش کتیبی (نزهە القلوب) ی (المستوفی القزوینی) یە. بێگومان مانای وشە کوردستانیش، سەرزەمین یا شوێنی ژیانی کوردانە، بەر لەوەی عارەب لەو ناوچەیەدا یا لە هەموو عراقدا، پەیدا ببێت بە هەزاران ساڵ. وەک باسم کرد تاوەکو ئەمرۆ بیرو توانای هیچ مێژوونوسێک نەیتوانیوە شوێن ڕچکەکەی بکەوێت و سەرەتای دەستپێکردنەکەی بدۆزێتەوە، لە کاتێکدا مێژووی عارەب لە ناوچەکەدا بە پەنجەی دەستیش دەژمێردرێت.

لە بارەی ئەم ناوچەیەوە کە کوردستانە، لە ڕاپۆرتی لیژنەی هەڵبژاردن کە لە لایەن (عصبة الامم) لە ساڵی ١٩٢٤دا ڕەوانەی ناوچەکە کرابوو هاتووە کە:-

" دوای شیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لە سەدان بەڵگەنامەو سەرچاوەو و نەخشە، گەیشتینە ئەو ئاکامەی کە ناووچەی مشت و مڕ لە سەر کراو (ولایەتی موصل)، هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان، بەشێک نەبووە، نە لە عراقی عارەب و نە لە عیراق عەجەم و نە

پێکردنەکەی بدۆزێتـەوە، لـە کـاتێکدا مێـژووی عـارەب لـە ناوچەکەدا بە پەنجەی دەستیش دەژمێردرێت.

لە بارەی ئەم ناوچەیـەوە کـە کوردسـتانە، لـە راپۆرتـی لیژنەی هەڵبژاردن کە لە لایەن (عصبة الامم) لە سـاڵی ١٩٢٤دا رەوانەی ناوچەکە کرابوو هاتووە کە:-

" دوای شـیکردنەوەو لێکۆڵینـەوە لـە سـەدان بەڵگەنامـەو سـەرچاوەو و نەخشـە، گەیشـتینە ئـەو ئاکامـەی کـە ناووچـەی مشت و مڕ لـە سـەر کـراو (ولایـەتی موصـل)، هیـچ رۆژێـک لـە رۆژان، بەشێک نـەبووە، نـە لـە عراقـی عـارەب و نـە لـە عـیراق عەجەم و نە لە ژێر دەسەلاتداری هیچ یەک لەو رژێمانەدا کە بە درێژی مێژوو لە ناوچەکەدا فەرمانڕەواییان کردوە."

ئەوەی ئاشکرایە (ولایەتی موصـل) پارێزگاری کـەرکوکی ئێسـتاش دەگرێتـە بـەر، کـە بەداخـەوە هـەموو ئـەو رژێمـە عارەبیانەی کە هاتوونەتە سەر کار -بە تایبـەت رژێمـی ئێسـتا بە شێوەیەکە درندانەتر- هەوڵی بۆ ووچانیان داوە کە شارەکە بە عـارەب بکـەن ئـەویش بـە زۆر گوێزاندنـەوەی دانیشـتواتی کـوردو هێنـان و نیشـتەجێ کردنـی عـارەبی بێگانـە لـە شوێنەکانیاندا، تا رادەیەک بە زۆری شـکنجەو لێدان فرۆشـتنی تـاپۆی خـانوو زەمـین و بـاخ و کێڵگـەکانیان بـە کـوردان مـۆر کردوەو کردوویانەتە سەر ناوی عارەبـەکان و لـەوەش بـە دواوە

کوردان لە کڕینی هەر جۆرە زەمین ومال و خانوویەک قەدەخەن کراوە، بە تەواوی وەکو بە سەرهاتی فەلستینیەکان و جوولەکەکان. (ئەوەی سەرسوڕێنەرە نازانم بۆچی ئێوەی عارەب کردەوەکانی جوولەکەکان بە ناڕەوا دادەنێن و ئەوەی ڕژێمەکانی خۆتان ڕەوا؟).

میوانە بەڕێزەکان/

ئێمەی کوردی دانیشتوانی ئەو کوردستانەی کە باسکرا، جگە لە مێژووی درێژمان زمانی تایبەت بە خۆمانمان هەیە کە جیاوازە لە هەموو زمانەکانی تری نەتەوەکانی دەورو بەری ناوچەکە، کولتور، خوو ڕەوشت، جلو بەرگمان بەبێ هیچ دودڵی و گومانێک تایبەتە بە خۆمان و لە هیچ کەس و لایەنێکی تر نە قەرزمان کردوەو نەدزیومانە و لەهەموو ئەمانەش گرنگتر *ئاینی تایبەت بە خۆمانمان هەیە، کە بە سەرچاوەو بنەڕەتی هەموو ئاینەکانی تری ناوچەکە لە قەڵەم دەدرێت، ئاینی یەکتا پەرەستیە، ئاینی مرۆڤ دۆستیە و ئاینی بە چاو کراوەیی باوەرهێنان و فەرمان بە جێ هێنانە، ئاینی پاکی زاناو بلیمەتی کورد، زەردەشتی مەزنە*. ڕەنگ هەیە ئێستا ئەم پرسیارە بێت بە مێشکی هەندێکتاندا، ئەگەر وایە بۆچی ئێستا نەوەدو نۆ لە سەدی کورد موسلمانن: دەتوانم بڵێم بە هاتنی ئیسلام و جوودا نەبوونی لە ئاینەکەی ئێمە، هەروەها

هەواڵنامەی کتێب

پاش لێکۆڵینەوەیەکی دوورو درێژوو پڕ دیقـەتی زانیـاران و گەورە پیاوانی ئایینیمان لە کاتی خۆیدا سەرجەمبڕیار دەدەن کەوا ئەندامانی نەتەوەکەمان باوەڕ بە ئاینی نوێ بهێنن، بە مەرجێک دوژمنایەتی لە گەڵ ئاینە کۆنەکەدا نەکەن و پشتی لێ نەکەن و بە لە نێوچوو لە قەڵەمی نەدەن. بێگومان ئیسلامیش وەکو ئاین دژ بە ئاینی زەردەشت نەبووە، بەلام بە داخەوە هەندێک لە موسڵمانان بوون کە لە پێناوی بەرژەوەندی رامیاری و ئابووری و نەتەوایەتی خۆیاندا، لە سەرەتادا پاش کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام، کەوتنە ئازاردان و لە نێو بردنی زەردەشتیەکان. زۆر بە پێویستی دەزانم لێرەدا بڵێم کە، پەسەند کردنی ئاینی ئیسلام لە لایەن باوباپیرانمانەوە، بە بە هیچ گومانێک بە ویست و ئارەزوی خۆیی بووە، نا بە زۆری شەڕو شمشێر، مێژوو باشترین گەواهە کە هێرشی هەموو ئەو لەشکرانەی لە لایەن (عمر ابن الخطاب)، دووەم جێگری پێغەمبەری ئیسلامەوە رەوانەی سەر کورد کراوە، زۆر بە خراپی شکاوەو پەرت و بڵاوو بوەتەوەو ئەوەی ماونەتەوە پاشە کشێیان کردوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە رەوانە کراون. بۆ زانیاری زۆرتر لەم بارەوە دەتوانن تەماشای بە دەیان بەڵگەنامەی مێژوویی مێژوناسە عارەب و ئیسلامیە کۆنەکان بکەن، لەوانە کتێبی (فتوح البلدان

للبلاذری ) و کتێبی ( فتوح الشام للواقدی ) و کتێبی ( الکامل
فی التاریخ لابن الاثیر ) و کتێبی ( التاریخ للطبری ). جگە لەو
گۆڕستانانەی کە تاوەکو ئێستا شوێنەواریان لە کوردستاندا
ماوەو ئێوی ( یارانی ) پێغەمبەری ئیسلامیان لە سەرە - ئەو
یارانەی کە لە کوردستاندا کوژراون و گۆڕەکانیان بووە بە
( زیارت ) گای ڕەش و ڕووتی نەتەوەکەمان و بێ ئەندازە ڕێزیان
لێدەگرن و بۆ بە دی هاتنی ئاواتەکانیان دەم بە نزاو
پاڕانەوەوە پەنایان بۆ دەبەن و بەردی ڕەش و سپی خڕو
لووسی سەر گۆڕەکانیش دەماڵن بە سەرو سینەیاندا بۆ ئەوەی
لە ئێش و ئازارو نەخۆشی ڕزگاریان بکات، بێ ئاگا لەوەی
گۆڕی ئەوانەن کە باوو باپیرانیان بە شمشێری یەک دەم و دوو
دەم لەت لەت کردووەو خوێنی پاکیانیان ڕژاندوەتە خاکە،
کوردان، بەو جۆرە گۆڕستانانە دەڵێن گۆڕستانی ( اصحابة )
کان، ئەوەی زۆر سەیرو سەمەرو سەر سوڕێنەرو دڵسووتێنەرە،
گۆڕستانی ( کافران ) یشمان هەیە، کە گۆڕی باوو باپیرانی
خۆمانەو بەدەستی هێرشکەرانی عارەب کوژراون و بێ
ئاگایمان لە مێژوو و باوەڕی کوێر کوێرانە وای لێکردوین
بەوانەی کە دلێرانە لە گۆڕەپانی جەنگی پاراستنی ئاین و خاک
و کەسایەتی کورددا خوێنیان ڕژاوەتە خاکە و شەهید کراون،
بڵێین ( کافر ) و نەفرینیان لێبکەین و بەردە بارانیان بکەین و

بە هێرش هێنەرانی بێگانەو باو باپیر کوژمان بڵێین (پیاوچاکان) و ڕێزیان لێبگرین و ساڵانە بە بار زێرو زیوو پارەو پول بخەینە سندوقی سەر گۆڕەکانیانەوە، تا بچێتە گیرفانی مجێورە ورگن و بەلاش خۆرەکانەوە و لە جل و بەرگ و خواردنی ژن و منداڵانمان کەم بکەینەوە یا برسیان بە جێ بهێڵین و بیدەین بە مەڕو بەرخ و لە بەر دەرگای کۆشک و تالاری سەر گۆڕەکانیاندا سەریان ببڕین وەک ئەوان لەبەر دەرگای ماڵەکانی خۆماندا سەری باوباپیرانی خۆمانیان بڕی.

نمونەی ئەو دوو جۆرە گۆڕستانانەش لە کوردستاندا تا بڵێی زۆرن، لەوانە (دوڵی سەحابە) و (دۆڵی کافران) لە شاری کۆیە. گردی شەهیدان لە نێوانی قەڵادزێ و گەڵاڵە. هەروەها ئەوانەی گوندی (عەبابەیلێ) لە حەلەبچە. بێگومان ووشەی (عەبابەیلێ) دەستکاری کراوی وشەی (ابا عبیدة الانصاری) ە، ابا عبیدەش سەر لەشکرێکی سوپای عارەب بوو کە لەوێدا کوژراو ئێستاش گۆڕەکەی زیارتگای کوردانی مێژوو نەزانی خۆمانە.

بۆ ئەوەی زۆر درێژە بە باسی ئاینی نەدەم، بەمە کۆتایی پێدەهێنم کەپاش تێپەر بوونی ماوەیەکە بە سەر داهاتنی ئاینی ئیسلام و بڵاوبونەوەی لە کوردستاندا، ئاینی زەردەشتی لە ناوچەکەدا نەما. ئەوکاتە باوو باپیرانی ئێمەی کورد بە

هەولأامەی کتێب

دڵسۆزییەوە کەوتنە پەرە پێدان بە ئاینە نوێیەکە و بوونی بە سەدان مرۆڤی مەزنی، ئایینی کورد لە مێژووی ئیسلامدا باشترین بەڵگەی ئەو دڵسۆزییەیە، ئەگەرچی بە داخەوە زۆربەی ئەو بەسەرهاتە ناخۆشانەی کە دێتە سەر، ئێمەی کورد، بە نێوی ئیسلام و بە دەستی موسڵمانانەوەیە.

بەڕێزان/

ئەگەرچی ئێمەی کورد هەزاران ساڵە لە سەرزەمینەکەی خۆماندا دەژین و ئێمەین خاوەن وولات و خاکە و ئاووەکە، بەڵام ئەمرۆ، تاوەکو لە سادەترین مافی رەوای خۆمان بێبەشین، لە ژمارەدا، تای تەرازووی ئێمە لە هەمووان سەنگینتر بوو، بەڵام ئەمرۆ، بە کەمایەتی نێومان لێنراوە، ئیتر نازانین بە گوێرەی کام یاسای جیهانیە کە خاوەن ماڵ بە بێگانەو کەمایەتی بژمێردرێت و بێگانەی تازە لە تینویەتی و برسیەتیدا کۆچ کردو و داگیرکەر بە خاوەن ماڵ و زۆرایەتی، بەو هۆیەوە ئەو مافەمان نیە کە، لە عێراقەکەی خۆماندا، تەوەکو دەسەڵاتداری سەرەکیمان هەبێت، بەڵکو هاووبەشیش بین، چونکە ئێمە کەمایەتین و کەمایەتیش ئەو جۆرە مافانەی نیە.

بەڵام ئەگەر بێت و بە دیقەت و بە ویژدان تەماشایەکی نە تەنیا باشووری کوردستان بەڵکو بەشەکانی تری کوردستانی ژێر دەستی وولاتی تورکیاو ئێرانیش بکەین، بۆمان دەردەکەوێت

که دەسەڵات ئـەمڕۆ و ئێسـتا بـە دەستی کەمایەتیەکانەوەیـە، ئەگەر لە ڕوانگەی دەسەڵاتداران (لە کام نەتەوەن)، تەماشـای ڕژێمەکان بکەین، بە چاووی بێ زەرەبین دەبینین کە لە ئێراندا فارسـەکان تـەنیا ٤٠ ٪ ی کـۆی گشـتی خـەڵکی ئێرانن و لـە تورکیـادا ٤٥ ٪ ، بـەڵام لـە عراقـدا لـەو دووەش کـەمتن، ئەگــەر کوردو تورکمان و ئاشووری و ئەرمەنی و کەمایەتیەکانی تر، لـە کوردستاندا، لە کۆی گشتی خـەڵکی عـراق کـەم بکەینـەوە، لـە نێوە ڕاست و خوارووی عراقیشدا، کـوردە فەیلیـەکان و کـوردە لوڕەکان، هەروەها، دانیشتووانی شارە هاوو سنوریەکانی ئێران وشـارە شیعەکان بگەڕێنینـەوە سـەر ڕەسـەنی خۆیـان کـە ئێرانین، زۆر بە ئاشکراو بە بێ دەزگـای ژمـارەو پێـوان، بۆمـان دەردەکەوێت عارەب لە عراقدا، لە کەمایەتیـەکی زۆر زۆرتـردان لـەوەی کـە خـودی عارەبـەکان بـیری لێدەکـەنەوە. ئەمــە لــە ڕوانگــەی نەتەوایەتیـەوە، بـەڵام لــە لایــەن ئـاین و ئــاییزا (مذهـب)ەوە، لــە ســەرەتای دامــەزراندنی وولاتــی عراقــەوە دەسەڵات هەمیشە بە دەستی کەمایەتیەوە بووە، چونکە بە بێ هیچ دوو دڵی و گومانێک، عارەبی سنی لـە عراقـدا لـە عـارەبی شیعەو کەمایەتیە ئاینی و ئاییزا یەکانی تر، کەمترن.

بەو هۆیانەوە کە باسکرا، وەکو ئامۆژگاریـەک پێـم خۆشـە کـە پێتـان ڕابگێنـم کـە، ئەگـەر لـە داهـاتودا، ویسـتتان باسـی

کەمایــەتی و زۆرایــەتی بکــەن، وا چاکــە بــەر لــە دەربڕینــی ووشەکان دووجار بیر بکەنەوە لە بریتی یەکجار، چونکە ئەگــەر لیژنەیەکی جیهانی ڕاسـت پـەروەر، بـۆ لیکۆڵینـەوە لـەو باسـە بێتە بوون، ئێوەن کە دەکەوونە تای تەرازووی کەمایەتیەکەوە، نا، ئێمەی کورد.

بەڕێزان /

ئەندامانی -بە بۆچوونی ئێوە- ئەو کەمایەتیە، کە ئێمـەی کوردیـن، وەکـو هــەموو نەتەوەیــەکی دیکــەی ناوچەکــە، ئارەزووومان دەکرد بگەین بە سـەر بەخۆیی و ئـازادی و وڵاتـی تایبەتی خۆمان هەبێت، بەڵام بەداخـەوە پەیمانـە نـاڕەوا نێـو نەتەوەییەکان ئەو ئارەزوەمانیان بەبادا داو زەمینەکەشمانیان لە نێوان چووار ووڵاتی دیکـەدا دابـەش کـردو سـێ دەسـەڵات و سێ کوولتـووری جیاوازیشـیان بـە زۆری ئـاگرو بـارودو تـانک و فرۆکە، چەسپاند بە سـەرماندا، پـاش ئـەوەی دەیـان بـەڵێنیان پێمان داو، بە سەدان شێوە یاریان لە گەڵماندا کرد لەوانە:

" دو ڕژێمی خاوەن شکۆ و بەرزیەتی بەریتانیا و عـراق، دان بـەوەدا دەنێن کـە ئـەو کوردانـەی لــە چـوار چێـوەی سـنووری عراقـدا دەژیـن، مـافی ئـەوەیان هەیـە، کـــەوا حکومـەتێکی کـوردی لـە و چـووار چێوەیـەدا بـۆ خۆیـان دروسـت بکـەن". بـەڵام پـاش بـڵاو بوونـەوەی پـەیمانی

١٩٣٠/٦/٣٠و بـه هيـچ شـيوەيەک نيـوی كـورد و رزگـاری كوردستان نەهێنانی، هەندێک لە سەرانی كوردی ئەو سەردەمە بروسـكەيەک دەكـەن بـۆ سـكرتێری دەزگـای نەتـەوە يەكگرتووەكان كە ئەو كاتە هێشتا نێـوی (عصبة الامـم) بـوو، تێيدا داوای دامەزراندنی حكومەتی كوردستان لە ژێر چاوودێری (عصبة الامـم) دەكـەن، بـەلام بەداخـەوە بـەم جۆرە وولامـی كوردان دەدەنەوە.

" بيگەڕێننەوە. ئەو بەشەی- لە داواكەی سەرانی كورد- كە داوای ڕزگاری كوردستان دەكات".

بەڵێ بەڕێزان:

بەلام من وەكو كوردێک گلەيی لە نەتـەوە يـەكگرتووەكان ناكـەم چونكـە زۆر چـاک بـۆم روون بووەتـەوە لـە سـەرتای دامەزراندنيەوە، بووكە شوشەو داردەستی ولاتە زلهێـزەكانی ڕۆژئاوا بووەو بە گوێرەی دڵی خۆيان ياريـيان پێـی كـردووەو، داويانە بە سەر هەر لايەنێكدا كە خۆيان ويستوويانە.

بەڵێ پاش دەرچوونی ئەو بريـارە ناڕەوايـە، كـە كوردانـی باشـووری كوردسـتان يـا كوردسـتانی عـراق دەسـتيان بـە خۆپيشاندانێكی سەرتاسەری كردوە، لە زاخۆوە تاكو خانەقين، دەزانن ولامی ڕژێمە عارەبيەكەی بـەغداد چـی بووە؟، بريـاری گوللە باران كردنی كوردانيان دەرهێناوە، بە تايبەت لـە شـاری

سولەیمانیدا، کوشتاریکی گشتی وایان کردوە کە خودی سەرەک شالیاری عارەبی ئەو سەردەمە گووتوویەتی:-

"رووداوەکەی شاری سولەیمانی بەرابەرە بە رووداوەکەی (کربلاء)، ئەگەر خراپتر نەبێت".

جگە لە زیندانی کردن و دوور خستنەوەی زۆر لە سەران و پیاوە ناسراوو بە نێودارانی کورد، تەنیا لە سەر ئەوەی بە چاووی خۆیان دەیان بینی چۆن بە ئاشکرا مافە رەواکانیان دەخورێت و لە بەر ئەوەی دانیان بەو پەیمانە نارەوایەدا نەدەنا کە دەیگووت، کورد بە بێ هیچ مەرجێک، دەبێت لە وولاتەکەی خۆیدا، بکەوێتە ژێر دەسەلاتی عارەبەوە، یا لە سەر ئەوەی داوای رزگاری و جوودا بوونەوەیان لە عارەب دەکرد، ئەویش لە رێگای ئاشتیەوە. ئەگەرچی جوودا بونەوەو مافی هەڵبژاردنی بریار لە سەر پاشە رۆژ، مافێکی زۆر رەوایەو پەیرەوو پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دانی پێدا ناووە و راستیەکە کە ئیتر نابێت کەس سەرپێچی لێبکات؛ بە تایبەت لەم سەردەم و رۆژانەدا کە ئێمەی تێدا دەژین، بەڵام وەک دەبینن ئەوەی ئەمرۆی کورد، تاوەکو ئەم چرکەیەش، بە شێوەیەکی رسمی داوای جوودا بونەوە لە عراق، ناکات و هێشتا هەر دەیانەوێت بە ئاشتی و بەرابەری لەگەڵ عارەبدا لە وولاتی عراقدا بژین، بەڵام تو ئەو خوداو پێغەمبەرەی خۆتان،

هەولێرنامەی کتێب

کە باوەڕتان پێیان هەیە، ئایا لە دیدی ڕاست پەروەری و ویژدان و هەستی مرۆڤایەتیتانەوە بەڕەوای دەزانن، نەتەوەیەک کە لە هەموو لایەنێکەوە جیاوازە لە گەڵتاندا، وەک گوتم لە زمان و کولتوورو مێژوو وئاین و خوو ڕەوشتدا و نەیەوێت بژێت لە گەڵتاندا، ئێوە ویستی ئەو نەتەوەیە، بە تاوان و گوناهێکی وا گەورە لە قەڵەم بدەن کە سزاکەی زیندان وئەشکەنجەو کوشتن و دوورخستنەوەو بە زۆر بە عارەب کردن و لە هەموو ئەوانەش ناڕەواتر لە نێوبردنی بە گشتی ئەندامانی بێت، بە بۆمبای ئاگرین و میکرۆبی و لەم ساڵانەی دواییشدا، کیمیاوی و ژاراوی و هەموو جۆرە چەکێکی بە گوێرەی یاسای نێو نەتەوەیی قەدەخەن کراو لە کاتێکدا هیچ وڵاتێکی عارەبی ئامادە نیە لە ژێر دەسەڵات، یا بە هاووبەشی یا بە یەکگرتن یا فیدراڵیەت لە گەڵ ووڵاتێکی عارەبی دیکەدا بژێت، ئەگەرچی، ئەندامانی هەردوو وڵاتەکەش عارەبن. هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی نێوان مڤر و سوریا و سەرنەکەوتنی پرۆژەی یەکبوونی مصرو سوریا و عراق بەڵگەیەکی ئاشکرای ئەو بۆچوونەیە، لە کاتێکدا وەک باسم کرد هاووڵاتانی ووڵاتەکانیش عارەبن و بە شەوو ڕۆژیش باسیان باسی نەتەوەی عارەبی یەکگرتووە، زمان و ئاین ومێژوو و بابو باپیرو چارەنووسیشیان یەکەو هاوبەش، لە کاتێکدا ئەوەی کوردو عارەبی پێکەوە بەستاوە تەنیا ئاینی

ئیسلامەو ئەوەی سەیرە عارەب کە ئاینی خۆیەتی باوەڕی پێی نیە، چونکە بە زۆر چەسپێنراوە بە سەر بابو باپیرانیاندا و ئاینی کۆنی بت پەرستی و بەرد پەرستی لێیان تێکداوەو بە زۆری شمشێر سەری پێیان دانواندوە، بەڵام نەتەوەی کورد بە پێچەوانەی ئەوانەوە پاش لێکۆڵینەوەو بە دڵخوازی خۆیان هەڵیان بژاردوە. بەو هۆیەوە بە دڵیشەوە باوەڕیان پێی هێناوەو بڕیارو دەستوورەکانیشی خاڵ بە خاڵ جێ بە جێ دەکەن، لە ئاکامی ئەوەدایە کە دەبینین زۆر و ستەم و وێران کردن و ماڵی خەڵکی بێتاوان بە تاڵان بردن لە نێوان کورداندا نیە چونکە دوورە لە وێژدان و لە مرۆڤایەتیەوە، ئەگەر عارەب باوەڕیان بە ئیسلام هەبوایە، باوەڕیان بەوەش دەهێنا کە قورئانی ئیسلام گوتوویەتی.

*من قتل نفسا بغير حق او فساد في الارض، فكانما قتل الناس جميعا، ومن احياها فكانما احيا الناس جميعا.*

لێرەدا پرسیارێکتان لێدەکەم و بە وێژدانی خۆتان سوێندتان دەدەم، ئایا باوەڕتان بەو گوتەیە هەیە و بە گوێرەی ڕەفتارو کردار دەکەن؟ لەم کاتەدا نازانم وڵامی ویژدانتان چیە، بەڵام با بیهێنمەوە یادتان. ئێوە، نە، تەنیا کەسێکتان کوشت، بەڵکو سەدها هەزار کۆرپەو پیرە مێردو پیرە ژن و کورو کیژی لاوو ئافرەتی سک پڕتان بە بێ تاوان و گوناه و (فساد) کوشت و بە

ملیۆنیشتان بە زۆر ئاوارەو دەربەدەری ئەم شارو ئەوشارو ئەو وولات و ئەم وولات کردو بەوەش وازتان نەهێناو بیگانەی تینوو برسیشتان لەم وولات و ئەو وولاتی عارەبی دیکەوە هێناو نیشتە جێی خانوو گوندو شارەکانی کوردانتان کرد و ژیانی واتان لە سەر خاکی کوردستانی دەوڵەمەندو پاک و خاوێندا بۆیان دروست کرد کە هەندێکیان لێیان تێکە چوو بوو، وایان دەزانی مردوون و خودا نوێژو نیاز و نیایشیانی پەسەند کردوەو لە دۆزەخی سەر زەمینەکانی خۆیان دەریانی هێناوەو خستویانیەتی بەهەشتی بەرینی بەڵێن پێدراوەوە و وەک دەزانن ماوەیەکی زۆریشی پێ نەچوو ئەو بەهەشتەشیان کرد بە دوزەخ و ویرانیان کردو ئاگریان تێبەردا لە کاتێکدا ئەگەر باوەڕتان بە ئیسلام هەبوایە بە زۆر ماڵ و دارایی و زەمینی خەڵکی دیکەتان داگیر نەدەکرد، چونکە ئیسلامی ڕاست، ڕیگا نادات بەو جۆرە کردەوە نارەواو ناشرینانە.

ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە خوداو قورئان هەبوایە، زۆرتان لە مندالانی کورد نەدەکرد کە بە زمانی عارەبی قسە بکەن و ئەوەی نەیکات مامۆستایانی عارەبی قوتابخانەکان لە نێوان دوو خەت کێشدا زمانی بگووشن و تا خوێنی لێوە نەتکێت وازی لێنەهێنن، لە کاتێدا ئیسلام و خودای ئیسلام دانیان بەوەدا ناوە کەوا ئادەمیزاد جۆراو جۆر دروست کراون و

ئەندامانی هەر نەتەوەیەک زمانی تایبەتی خۆیان هەیەو بەو زمانەش سوپاسی یەزدان دەکەن و باسی نیازو پێویستیەکانی خۆیانی بۆ دەگێڕنەوە.

زۆر جار پرسیارێکی لق و پەلدار دێت بە مێشکمدا:

دەبێت داگیرکەرانی کوردستان چی سودێک وەربگرن لەوەی منداڵانی کورد قەدەغەن بکەن لە ئاخاوتن بە زمانی خۆیان و زۆر لێکردنیان کە بە عارەبی یا فارسی یا تورکی قسە بکەن؟.

بۆچی دان بە جیاوازی نەتەوەو زمان و کولتوورو مێژوودا نانێن و لەو بۆچوون و ڕێبازەوە، دەستی هاوڕێتی و هاوکاری بۆ نەتەوەکەمان درێژ ناکەن و کەڵک لە فەرهەنگ و کولتووری دەوڵەمەندی ئێمە وەرناگرن؟.

ئایا دڵی خۆیان بەوە خۆش دەکەن کە هەر مرۆڤێک عارەبی قسە بکات ئەوە عارەبە؟

یا ئەوەی لە سەر زەمینەکەی خۆیَ دوورخرایەوەو بەرەو گوندو شارە عارەبیەکان گوێزرایەوە، عارەبەو ژمارەی عارەبی پێ زۆرتر دەبێت؟ ئایا نزیکەی دوسەد ملیون عارەب لە چەند وولاتێکی عارەبیدا بەس نیە، بۆیا پێویستیان بە خەڵکی دیکەیە، کە بە زۆر بیانکەن بە عارەب؟

یا ئەوانەی کە ئێستا نێویان لێنراوە عارەب، عارەب نین و لە نەژادو نەتەوەکانی دیکەوە دزراون و کراون بە عارەب و عارەب هەر لە ریشەوە نەبووبێت و دروستکراو بێت؟".

بەرێزان/

زۆرچاک بزانن کورد هەرگیز عارەب نەبوەو نابێت بە عارەب و ئەگەر بیبەن و لە نێوەراستی دەشتی نجدو حجازدا دایانبنشێنن و ئەگەر سەد خوترەو عەگالیشی لە سەر بکەن. خۆزگای ئێوەی عارەبی عراق گوێ رایەڵی ووشەکانی پادشای لە دەرەوە هێنراوو بە سەرتاندا چەسپێنراوتان ببوایەن کە بۆ فێڵ و خەڵک خەڵەتاندن لە ١٩٢٦/٢/٢٤ لە شاری لەندەندا گوتبووی:-

"ئەرکی سەرشانی هەر عراقیەکی دڵسۆزە، کەوا هانی برا کوردەکەی خۆی بدات لە عیراقدا بۆ ئەوەی پێناسنامەی خۆی بپارێزێت و شان بە شان لە گەڵیدا لە ژێر سێبەری ئاڵای عراقدا بژێت، بەو کارەو بە یەکێتی دەتوانن ئەندامی کارابن بۆ دروست کردنی وولات و پێشخستنی و پاشە رۆژی خۆشی."

بەرێزان/

لە گەڵ هەندێکە لە رێکخەرانی ئەم کۆڕەدا بریار وا درا کە من لە بارەی رۆڵی کورد لە شۆرشی ١٤ی گەلاوێژو پەیوەندی

لە گەڵ ئێستادا قسە بکەم و من وا بڕیارم دا لە ئێستاو ئەمڕۆوە بەرەو ڕابوردو بگەڕێمەوە، چونکە ئێستای پڕ لە خەم و برین و ئازارو خوێنی کورد، ئاکامێکی زیندو و دڵتەزێنی ئەو ڕۆژە پیرۆزە لە چاووی ئێوەداو، ئەو ڕۆژە ڕەشەیە لە چاووی ئێمەی کورددا و لە ئاکامی خیانەت و لە ڕاستی لادان و دۆڕان و لاوازی سیاسی سەرانی ئەو شۆڕشەیە، کە جگە لە بەدبەختی و سێدارەو ئاگرو بۆمبا بەولاوە شتێکی دیکە بۆ ئێمە بە دیاری نەهێناوە، لە کاتێکدا ئەگەر ئێمە نەبوایەین هەرگیز شۆڕشەکە سەر نەدەکەوت و لەوەدایە تاوەکو ئێستاش عراق لە ژێر پێی بیگانەدا ناڵەی بهاتبایەو ئەوەی جێی داخیشە پاداشەکەشی ئەمەیە کە لەم ڕۆژانەدا خۆتان بە چاووی خۆتان دەیبینن، خەمێکی دیکەش کە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە تاوەکو ئەمڕۆ نووسەر یا مێژوو ناسێکی عارەب بە درێژی و بێلایەنانە باسی ڕۆڵی گرنگی کوردی لە سەرکەوتنی شۆڕشەکەدا نەکردووە.

بەڕێزان/

هەموومان دەزانین کە شۆڕش و کودتاو بوومە لەرزەو ڕووداوە ئابوریە گرینگەکان و جوگرافی و ڕامیاریەکان، کە لە جیهاندا لە ناکاو لە بەر چاوودا، ڕوو دەدەن، هیچکامیان لە دایک بووی چرکەی کاتی ڕودانەکەی نین، بەڵکو لە ئاکامی چەندین هۆکارو نەخشەو پیلان و ڕوداوی کیمیاوی و فیزیاوی و

چەندین هۆکارو نەخشەو پیلان و ڕوداوی کیمیاوی و فیزیاوی و لێکدان و جودا بونەوەی، ماوەیەکی زۆر دوورو درێژی بەر لە ڕووداوەکە هاتوونەتە بوون. شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژیش یەکێک لەو ڕوداوانەیە کە باسکرا، کەواتە لە دایک بووی ئەو چرکەیە نیە کە هەندێک ئەفسەرو سەربازی سوپایی دەزگای ڕادیوو تەلەفزیۆنی بەغدادیان داگیر کردو دەستیان خستە سەری و عبدالسلام عارفیش یەکەمین بەیاننامەی شۆڕشەکەی بۆ خەڵکی عراق خوێندەوە، یا لە ئاکامی نەخشەو پیلانی کتوپڕی، یەک ڕۆژ یا یەک هەفتەی ئەو ئەفسەرو سەربازانە بێت کە کودتاکەیان ئەنجامدا، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەوە بەر، بۆ کاتێک کە زۆرو ستەم و چەوسانەوەو کوشتن و زیندان و دوورخستنەوەو ئاوارەیی و داگیرکردن لە عراقدا دەستی پێکرد و خەڵکی عراق تووش و گرفتاری بوون.

چاودێری سیاسی و مێژووزانی ڕاستپەروەر و مرۆڤی بە ویژدان، ئەوانەی کە زانستی سیاسیان بەرزەو شارەزاو لێشاوو لێزانن، ئەگەر بێلایەنانە بیرەوەری خۆیان بەرەو پاش بگەڕێننەوەو لە ڕوداوەکانی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عراق بە ووردی بکۆڵنەوە، بە بێ هیچ دوو دڵی و گومانێک بۆیان دەردەکەوێت، گرینگترین ڕۆڵ کە تینی

ڕاستەو خۆی کردە سەر ڕژێمی پاشایەتی و بوو بە فتیلەی هەڵگیرسێنەری مەشخەڵی شۆڕشی گەلاوێژ ڕۆڵی نەتەوەی کوردو خۆپیشاندانەکانی و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی بوو لە کوردستاندا دژ بە ڕژێمەکانی پێشوتری عێراق، هەروەها ئەو زۆرو ستەم و کوشتن و ماڵ وێرانی و دەربەدەری و کارەساتانەی کە نەتەوەی کورد توشی بووە لە چەندین سەدەوە و تاوەکو مێژووی تازەو وسەرەتای سەدەی بیستەم و یەکەم جەنگی جیهانی و لە پاشدا دامەزراندنی وولاتی عراقی ئێستا، لە سەر حسابی کوردو خاکی کورد و نەوت و ئاووی کورد و بە نەخشەو پیلانی ناڕەوای وولاتە ئیمپریالیستەکان و نۆکەرانیان لە ناوچەکەدا. سەرەڕای هەموو ئەوانەش، شۆڕشەکانی شێخ محمود و شێخ احمدی بارزانی و لە پاشدا مەلا مستەفا بارزانی و دەیان شەڕو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی دژ بە ئینگلیز و نۆکەرانی لە دەسەڵاتداران و فەرمانبەرانی دروستکراوی خۆیان. جگە لە دەنگ نەدانی باوەڕ پێکردن بۆ هەڵبژاردنی (فیصل)ی قاودراو لە سوریا بۆ ئەوەی ببێت بە پادشای عراق، بە تایبەت لە شاری کەرکوکی ناوجەرگەی کوردستان، کە لەو شارە سەد لە سەد کوردو نەبەزەدا، تەنیا پێنج لە سەدی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو. خەڵکی شاری سولەیمانی کۆڵنەدەریش بە یەکجاری مانیان گرتبوو لە بەشدار

هەواڵنامەی کتێب

بوون لە دەنگدان. نمونەیەکی گرنگتریش کودتاکەی خودا لێخۆش بوو (بکر صدقي) یە لە ساڵی ١٩٣٦ کە دادەنرێت بە سەرەتای دەست پێکردنی بەشداربوون وتێکەڵ بوونی سوپا لە کارو باری رامیاری دەوڵەتداو و بە کار هێنانی هێز بۆ زۆر خستنە سەر میری بۆ راستکردنەوەو گورینی هێڵی سیاسی خۆی و هاندانێکی ئەفسەرانی سوپا بوو، بۆ ئەوەی نەبن بە تۆپی پێ و داری دەستی فەرمانداران و دەسەڵاتداران کە بە ئارەزوی دڵ یاریان پێ بکەن یا بیانکووتن بە سەر ئەو کەسان و لایەنانەدا کە دژایەتیان دەکەن. شایانیشە کە دەست نیشانی رۆڵی نەتەوەی کورد لە شۆرشی بیستی (١٩٢٠) مێژوییدا بکرێت، کە بە درێژی باس کردنی تەنیا ئەمەیان پێویستی بە چەندین رۆژو چەندین کتێبە و هەرکەسێک لە سەر ئەم خاڵەیان پێویستی بە زانیاری زۆرتر هەیە تکایە کتێبی بە عارەبی نوسراووی (دور الشعب الكردي فى ثورة العشرين)ی دوکتور کمال مظهر احمد بخوێنێتەوە، یا بە کوردی و فارسی وەرگێراوی هەمان کتێب لە لایەن منەوە، کە لە گۆڤاری بانگی راستیدا بلاوکراوەتەوە.

لای خوارەوە بە خاڵ هەندێک لەو رووداوانەتان بیر دەخەمەوە کە نەتەوەی کورد لە باشووری کوردستاندا پێی هەڵساوە دژ بە سوپای ئیمپریالیستی داگیرکەری ئینگلیزو

نۆکەرانی، کە بەردی بناخەی شۆڕشی گەلاوێژ لەوێوە دامەزرێنرا:-

١. لە ساڵی ١٩١٩ دا چەندین شەڕ لە نێوان شۆڕشگێڕانی کوردو هێزەکانی سوپای بەریتانی لە ناوچەکانی ئامێدی و ئاکرێدا ڕویدا، کە بووە هۆی لە نێوچونی چەندین کەس لە ئەفسەرانی سوپایی بەریتانی و یارمەتیدەرانیان. شاری ئاکرێش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە بن دەستی شۆڕشگێڕاندا بوو.

٢. لە ١٩١٩/٤/٢٤ هەندێک لە شۆڕشگێڕان و هێزێکی سوپای بەریتانی بەرەنگاری یەکتر بوون و لە ئەنجامدا سوپای بەریتانی تێشکاو فەرمانداری سیاسی ناوچەکە کاپتن بیرسن یش کوژرا. هۆی شەڕەکە بۆ لە نێوبردنی زۆرو ستەمی داگیرکەرانی ئینگلیزی بوو.

٣. لە گەلاوێژی ساڵی ١٩١٩دا، چەند شەڕێک لە نێوان دانیشتوانی شاری ئامیدی و داگیرکەرانی ئینگلیزی ڕوویداو لە ئاکامدا یاریدەدەری فەرمانداری سیاسی کاپتن ویلی و ئەفسەرێک بە نێوی مەکدۆناڵد کوژران و یەک مانگ پاش ئەو ڕوداوە بۆ پشتگیری کردن لە خەڵکی ئامیدی شۆڕشگێرانی هۆزەکانی کۆیان، گلی، سندیو بەرواری هێرشێکیان بردە سەر هێزەکانی بەریتانی، لە گەلی مزورکە و بە تەواوی لە نێویان

برد، بۆ تۆڵە کردنەوە لەو ڕوداوانە سوپای ئینگلیز بە هێزێکی زۆر گەورەو بە هەموو جۆرە چەکێکی سووک وقورسەوە، هێرشیان بردە سەر شاری ئامێدی و دەیان ڕۆڵەی کوردیان کوشت و سەدانیان دەستگیر کردو و زۆرو ستەمێکی وایان لە دانیشتوانی شارەکە کرد کە هەتا هەتایە لە بیر ناکرێت.

٤. لە ١٩١٩/١٠/٤ چەند شەڕێ لە ناوچەی ئاکرێ لە نێوانی شۆڕشگێران و سوپای ئینگلیزدا ڕوویداو لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە سوپای داگیرکەر کوژران، لەوانە فەرماندای سوپایی ناوچەکە کولۆنێل بیل و یاریدەرەکەی کاپتن سەکوت.

٥. لە ١٩١٩/٨/١٣ پاش شەڕێکی سەنگین شاری شارەبانی کوردنشین ڕزگار کراو کەوتە دەستی شۆڕشگێرانی هۆزەکانی ناوچەکەو دەوڵەتێکی کوردی تێدا دامەزرێنرا.

هەولێرنامەی کتێب

٦. لە ١٩١٩/٨/١٤ دوو شاری کورد نشینی قزڵبات و خانەقین کەوتنە دەستی شۆڕشگێرانی هۆزی دەلۆ.

٧. لە ١٩١٩/٨/٢٦ شاری خانەقین شکاو و کەوتە دەستی شۆڕشگێرانی کورد.

٨. لە شاری مەندەلی کورد نشینیش دەوڵەتێکی کوردی ناوچەیی دامەزرێنراو ئەو دەوڵەتە گرنگیەکی تایبەتی هەبوو چونکە لە لایەکەوە گوشارو سەنگینیەکی زۆری خستە سەر

رژێمی بەغدادو لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان عراق و ئێرانی لەو ناوچەیەوە لە نێو بردو بڕی.

لە ١٩١٩/٨/١٩ ئینگلیزەکان ناچار کران کە بکەونە بیر کردنەوە لە چۆڵ کردنی شارە کوردەکانی کەرکوک و سولێمانی و هەولێر، چونکە لە ١٩١٩/٨/١٧ شەڕ لە شاری کەرکوکە دەستی پێ کردو شۆڕشگێرانی کورد هەموو گوندو شارەکانی چوار دەوریان گرت، لەوانە شاری گەورەی توزخورماتو کە لە ٨/١٨ شکاو کەوتە دەستی کوردان.

لە وڵامی پرسیاری سەرکردایەتی رژێمی ئینگلیز، قوماندارى سیاسی گشتی لە کەرکوک میجەر لۆنگریک ئەم خاڵانەی لای خوارەوەی کرد بە هۆی داگیرکردنی چوار دەوری شاری کەرکوک و ئابلۆقەدانی:-

١.لاوازی سیاسیمان (لاوازی ئینگلیزەکان).

٢. یەکێتی کوردان.

٣. ئاینی ئیسلام.

بەڕێزان/

ئەوەی لە سەرەوە باسکرا کورتەیەک بوو لەو کارانەی کە نەتەوەی کورد ئەنجامی دا، بۆ خۆی و بۆ عراق، جگە لەو را پەڕین و شۆڕشانەی کە پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عراق لە کوردستاندا روویدا، لە شۆڕشی دووەمی شێخ محمودی

ئەمرەوە بگرە تا دەگاتە راپەرینەکانی کەرکوک وسولێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان، دژ بە ئەو پەیمانانەی هەر ماوەی جارێک لە نێوان رژێمی عیراق و داگیرکەرانی بێگانەدا، دەبەسترا، وەکو پەیمانی ١٩٣٢و ١٩٤٧. لە هەموو ئەو راپەرینانە گرنگتر ئەوەی شاری سولێمانی بوو، کە بوو بە هۆی گرتن و دورخستەوەی برێکی زۆر لە دانیشتوانی شارەکە.

لام وایە رووداوەکانی کوردستان پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عراق لەمە زۆرتر پێویست بە باسکردن نەکات، چونکە رەنگ هەیە ئێوە لە من زۆرتر لێیزانن، ئەگەر بە زۆر لە یادی خۆتانتان نەبردبێتەوە.

لە ئاکامدا دەتوانم بڵێم لە ساڵی ١٩١٩ وە کوردستان گۆرەپانی زنجیرەیەک لە شۆرش و راپەرینی دژ بە داگیرکەران و نۆکەرانیان بووە لە کاربەدەستدارانی رژێمی پاشایەتی عراق، چونکە هەموو ئەو دەسەلاتدارانەی کە یەک لە دوای یەک رژێمیان گرتووەتە دەست هەوڵیانداوە بە هەموو شێوەیەک نەتەوەی کورد بچەوسێننەوەو بتاوێننەوە. بەلام ئەوەی جێی داخە پاش سەرکەوتنی رژێمی کۆماری دەسەلاتداران پەرەیانداوە بە نەخشەی تاواندنەوەی کورد لە قالبی عارەبیدا، بە شێوەیەکی زۆر بە دیقەت ترو زۆر درندانەتر. لە عبدالکریم

هەواڵنامەی کتێب

قاسمەوە بگرە تا دەگاتە جێ نشینەکەی ئەمڕۆو ئێستای کە (صدام حسین)ە.

هۆیەکی هەرە گرنگی هەوڵی تاواندنەوەی نەتەوەی کورد لە سەردەمی پاشایەتیدا ئەوەبوو، کە ئێمەی کورد داوای ڕژێمێکی کوردی سەربەخۆمان دەکرد کە نە ژێر دەستەی ڕژێمی داگیرکەری ئینگلیز بێت و نە ڕژێمی نۆکەری پاشایەتی بەغداد. بەڵام لە سەردەمی کۆماریدا بە هۆی لاوازی سەرانی شۆڕش و پارتەکانمان، داواکەمان کەم کرایەوەو کرا بە ئۆتۆنۆمی، کە داوایەکی ئێجگار بێ کەڵکو سوودە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ خوێنی هەزاران شەهیدی نەتەوەکەمان و ئەو زۆرو ستەمانەی لێمان کراوەو ئەو زیانانەی پێمان گەیشتوە لە پێناوی گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆمان و دامەزراندنی وڵاتی تایبەت بە خۆمان و لە سەر خاکەکەی خۆماندا.

لە ساڵانی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ و لە کاتی دەست پێکردنی چالاکی پارتە سیاسیەکانی کورد بە تایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو پارتە هەوڵێکی زۆری دا بۆ خۆ نزیک کردنەوە لە هەندێک لە پارتە عارەبەکانی ئەو سەردەمە بە مەبەستی پێکرا کار کردن لە پێناوی ڕوخاندنی

ڕژێمی پاشایەتی بەغداد، بـەڵام زۆر بـە داخەوەلـە دوو لاوە تووشی دژایەتی و بەربەرەکانی بوو:

لای یەکەم، ڕژێمی پاشایەتی، کە ڕێگاو پسوولەی چالاکی ئاشکرای پێنەدەدا و بە پارتێکی کـوردی نەتـەوەیی لـە قەڵـەم دەدا، چونکە بە بۆچونی ئەوان نەدەگونجا لـە گـەڵ پارتـەکانی دیکەی عێراقدا، لە کاتێکدا (پارتی استقلال) پسـولەی پێدرابـو و بە ئاشکرا چالاکی دەکردو پارتەکەش پارتێکی سـەد لە سـەد عـارەبی نەتـەوەیی بـوو، بۆیـا لـە چاووی ئێمـەی کـورددا ئـەو هەڵوێستەی ڕژێم دژایەتیەکی ئاشکرابوو لەگەڵ مافە ڕەواکـانی نەتەوەکەماندا.

هەواڵنامەی کیبر

لای دووهـەم، پارتـە سیاسیە ئۆپۆزوسـێۆنەکانی ئـەو سـەردەمە بـوون، چونکـە لـە کـاتی دامــەزراندنی بــەرەی یەکێتی نیشتمانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی، پـارتی دیموکراتـی کوردسـتانیان تێدا بەشـدار نـەکرد، شـیوعیەکان دەیـانگوت بەعسیەکان نەیانهێشت و تا ڕادەیەکە مافی ڤیتۆشیان بـۆ ئـەو مەبەستە بە کاربرد و بەعسـیەکان دەیـانگوت کـامل الچادرچی بوو کە ڤیتـۆی خسـتە سـەری. بـەم جـورە دەردەکـەوێت هـەر لایەنێک ئەوی دیکەی تاوانبار کردووە لەوەی کە ڕێگا بە پارتی نەدراوە بۆ بەشدار بوون          لە بەرەکەدا، بــەڵام لـە ڕاسـتیدا هیچ لایەنێک ئەو کارەیان پێخۆش نەبووە و هۆی ڕاستەقینەش

ئەوە بووە کە هەموو پێکرا کوردیان بە جودایی خـواز تاوانبـار کردووە، لە کاتێکدا وەک باسم کرد جودا بوونەوە بـە گوێـرەی یاسـای جیهـانی و مرۆڤایـەتیش مـافی ڕەوای خۆمانـــە، بــەڵام شەرم بۆ ئەو سەرکردایەتیە لاوازانەی کە سەریان نە تەنیا هـەر بۆ ئۆتۆنۆمی بەڵکو بۆ (لا مرکزی) ش شۆڕ دەکرد.

پارتی دیموکراتــی کوردســتان کــە لــەو ســەردەمەدا تــەنیا نوێنەری نەتەوەی کورد بوو، لە گەڵ ئەوەشدا لــە لایــەن پارتــە عارەبەکانەوە ڕێـزی لێ نـەگیردرا بـەڵام شـان بـە شـانی پارتـە سیاسـیەکان و هـێزە نەتەوایەتیـەکانی تـر کەوتــە چـالاکی و تێکۆشان دژ بە ئیمپریالیزم و نۆبەیمانەکانی و دژ بە ڕژێمی کۆنە پەرستی پاشایەتی، بـۆ بـە دیهێنـانی ئـازادی و سـەربەخۆیی و دامەزراندنی ڕژێمێکی دیموکراسی.

جگـە لـە ڕێگـای ڕێکخسـتنە سیاسـیەکانەوە، ئـەندامانی نەتـەوەی کــورد تــاک تــاکیش شــان بــە شــانی عارەبــەکان بەشداریان کردوە لە ڕێکخـراوی (ئەفسـەرانی ئـازاد)، ئەوانـەی کـە پـلان و نەخشـەی شۆڕشـەکەیان کێشـاوە، چونکـە لـە نێـو ڕێکخراوەکەدا ناوی چەندین ئەفسەری گەورەی کورد بەر چـاوو دەکەوێت. تا ڕادەیەک بەشێکی زۆر لەو ئەفسـەرە کوردانـە لـە هێرش بۆ سەر شاری بەغداد و داگیر کردنی بەشداریان کردوەو ئازایەتیەکی بێ وێنەشیان نواندوە، لـە وانـە (مقدم عبدالفتاح

شالی ) کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشەکە کرا بە ئەندامی دادگای بەرزی تایبەتی سوپایی.

لە کاتێکدا کە سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژ، سوپای عراق توانی ڕژیمی کۆنە پەرستی پاشایەتی بڕوخێنێ، کتو پڕ نەتەوەی کورد لە ڕێگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە پشتوانی لە شۆڕشەکە کردو لە پاشاندا بە هاوبەشی لە گەڵ پارتە عارەبەکاندا هەوڵی ئەوەیان دا کە بیکەن بە شۆڕشێکی بە هێزی نەتەوەیی و دیموکراسی.

بەڵام ئەوەی جێی داخە ڕەفتاری دیکتاتۆریانەی (عبدالکریم قاسم ) و کینەو بیری تەنگی نەتەوەیی دژ بە کورد، بووە هۆی ئەوەی کە شۆڕشەکە هەر لە هەفتەکانی سەرەتای دەست پێکردنیدا، لە ڕێگای ڕاستی لابدات و تووشی هەڵەی وا گەورە ببێت کە ئەمڕۆ ئاکامە دڵتەزێنەکەی بە چاوی خۆمان دەبینین. ( لێرەشدا دوو کەس لە لایەنگیرانی عبدالکریم قاسم هۆڵەکەیان بە جێهێشت ).

ئەگەرچی شۆڕشەکە لە لایەن زۆر کەسانەوە وا لە قەڵەم درا کە کودتایەکی سوپایی بوو و چەند ئەفسەرێک بە مەبەستی تایبەتی خۆیان پێی هەڵسان، بەڵام لای ئێمەی کورد شۆڕشێک بوو کە پێشاندەری ئاوات و ئارمانی هەموو خەڵکی عراق بوو بە هەموو نەتەوایەتیەکانیەوە، هەربەم

جۆرەش هەندێک لە پێ هەڵساوان بە شۆڕشەکەو بۆی دەچوون و دانیان بەوەدا دەنا کە هەوڵو تێکۆشانی هاووبەشی کورد و عارەب ئەو سەرکەوتنەی هێناوەتە بوون.

شایانە کە باسی ئەوەش بکەم، ئەگەر ئێمەی کورد شۆڕشەکەمان بە شۆڕشی خۆمان لە قەڵەم نەدابایە، لە ڕۆژانی دەست پێکردنیدا زۆر بە ئاسانی دەمانتوانی کەڵک لە بارو دۆخی شلێژاوی ئەو ڕۆژانە وەربگرین و سەرتا سەری خاکی کوردستانی خۆمان ڕزگار بکەین، کە لە سەرووی زاخووە دەست پێدەکات تا دەگاتە چیای (حمرین) و خوواروی خانەقین، بەڵام ئێستا جێی خۆیەتی دان بەوەدا بنێین کە ئێمەی کورد بە هەڵەدا چووین، ئەگەرچی برێکی زۆری کوردی لێزان وسیاسەت ناسی ئەو سەردەمە لە ئەزموونی قوولی خۆیانەوە گەیشتبوونە ئەوەی کە قاسمیش وەکو سەرانی دیکەی عارەب وایەو هیچ جیاوازیەکی لەگەڵیاندا نیەو هەرگیز دان بە مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورددا نانێت. ئەم بۆچوونەش کاتێک سەلمێندراوە، کە برێک لە مامۆستایانی ئازادیخوازی کورد داوایەکیان بۆ قاسم بەرزکردوەتەوە بۆ دان نان بە مافە روناکبیریەکانی کوردو کردنەوەی بەریوەبەرایەتیەک بە نێوی بەڕێوەبەرایەتی (معارف)ی کوردستان، بەڵام بە داخەوە لە بریتی جێ بەجێ کردن قاسم

بڕیاری داخستنی ڕوژنانەی (البلاد) ی داوە - ئەو ڕۆژنانەیەی کە دەقی داواکەی بڵاوکردووەتەوە -. هەروەها کەوتووەتە هاندانی ڕۆژنامەی (الثورة) ی سەر بە ڕژێم، دژ بە کورد و لە ژمارە (٥٥٥) دا کە لە ١٩٦١/٢/٧ دا بڵاوبوەتەوە بە ئاشکرا داوای لە نێو بردن و تاواندنەوەی نەتەوەی کوردی کردووە. هەروەها بڕیاردانی قاسم بۆ داخستنی ڕۆژنامە کوردیە سیاسی و ئەدەبیەکانیش و شکاندن و جێ بە جێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردی داوە، ناڕاستی و پەلیدی ئەو ڕژێمە خوێناوییەی دەرخستوە و ئاشکرا کردوە.

الطبقجلي، یەکێک لە هاوکارانی کۆنی قاسم لە بیرەوەریەکانیدا لە بارەی قاسمەوە دەڵێ:-

" ئەزمونی دوورو درێژم لە گەڵ قاسمدا بۆی دەرخستم کە قاسم سەر لە هیچ شتێکە دەرناکات ئەوە نەبێت دووبەرەکی بخاتە نێوان ڕابەرانی شۆڕشەوەو نێوانی هاوڕی و هاوبیران تێک بدات و ترس و گومان بهاوێتە نێو دڵانەوە، تا لەو ڕێگایەوە بتوانێت کەڵک لە هەل وەربگرێت و هەر یەکەیان بەوی تر لە نێو بەرێت. زۆر جاریش بۆ گەیشتن بەو مەبەستە (اغراء) ی بە کار دەهێنا و کە دەگەیشت بە مەبەستەکەی ئەوە بەڵێنانەی کە دەیدا پشت گوێی دەخست و جێ بە جێی نە دەکرد و ئەگەر بەڵێن پێدراویش کەمێک گوشاری بهێنابایە سەری و

سوور ببوایە لە سەر داواکەی، ئەو کاتە پیلانێکی وای بۆ دەکێشاو تووشی گرفتاریەکی وای دەکرد کە داواکەی خۆی لە بیر بچێتەوە. بێگومان ئەم کارەی لەگەڵ پارتە سیاسیەکانیشدا دەکرد و باشترین نمونە کۆمونیستەکانن کە وەکو چەرخ و فەلەکی بە سەریان هێنابوو هەر ڕۆژێک بە ئارەزوی خۆی بە لایەکدا دەیانی سوڕاندەوە, وەکە ئاشکرایە لە پێشدا زۆر نزیکیانی کردەوەو بایەخ و پایەو پلەیەکی زۆریشی بە ئەندامانی بەخشی، بەڵام کە بۆی دەرکەوت خەرکن سەر قیت دەکەنەوە، لە پێناوی خراپ کردنیاندا کەوتە هاندانیان بۆ دەست پێکردن و ئەنجامدانی کاری کوشتن و هەڵواسین و خەڵک ڕاکێشان بە دوای ئوتۆموبیلدا بە شەقام و جادەی شارەکانی سەرتا سەری عراقدا بە شێوەیەکی گشتی و شارەکانی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی، وەکو ڕووداوەکەی شاری کەرکوکی ساڵی ١٩٥٩، پاشان کەوتە لۆمە کردنیان و قسە کردن لە دژیان و لە ڕاستیشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوت لە پیلانەکەیدا. بە تایبەت پاش تاوانبار کردنیان بە خوێن ڕێژو مرۆڤ کوژ لە گوتارێکدا کە لە کەنیسەی ( القديس يوسف ) خوێندیەوە لە ١٩٥٩/٧/٢٠، یانی چەند ڕۆژێک پاش ڕووداوەکەی شاری کەرکوک.

له لایەکی دیکەوە کەوتە دروست کردنی ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمونیستەکانداو هەوڵدانی بۆ دروست کردنی ناکۆکی لە نێوان خودی سەرانی کوردیشدا، چونکە لە یەکەمین دانیشتنیدا لە گەڵ خودا لێ خۆش بوو مەلا مستەفا بارزانیدا پاش گەڕانەوەی لە ڕوسیا زۆر شتی بۆ باسکردبو کە پارتی لە نەبوونی ئەودا، ئەنجامی دابوو لە عراقدا، تا ڕادەیەک وای لە بارزانی کردبوو کە گومان بکات لە هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی.

لە ئاکامدا قاسم سەرنەکەوت لە تێکدانی نێوانی کوردان، بەڵام توانی ناکۆکی بخاتە نێوان عارەبە نەتەوە پەرستەکان و پارتەکەی (الچادرچي) و کۆمونیستەکانەوە.

ئەو سیاسەتە ناشیرینەی ئەو بوو کە بوو بە هۆی تێکچوونی نێوانی کورد و ڕژێمێ بەغدادو بوو بە هۆی دەست پێکردنی ئەو شەڕەی کە بەداخەوە تاوەکو ئەمڕۆش دامەنگیری نەتەوەی کوردە.

نموونەیەک لەو ڕەفتارە ناشیرینانەی عبدالكريم قاسم، بۆ تێکدانی نێوان سەرانی کورد بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:

قاسم هەوڵی کڕینی هەندێ لە بیرو باوەڕ لاوازانی کوردی داوە تاوەکو بە هۆی ئەوانەوە بتوانێت پیلانی دروست کردنی

ناکۆکی لە نێوان کوردانـدا دابنێـت و لـێ یدا سـەرکەوێت، بە تایبەت لە نێوان بەشدار بووان  لە کۆنگرەی چووارهەمی پارتی دیموکراتـی کوردستاندا کە بڕیار بـووە لـە شــاری بـەغدادی پایتـەختدا ببەسـترێت. کـاتێک کـە قاسـم دەزانێـت بـارزانی سەرۆکی پارتی لە بەغداددا نیە، گوشار دەهێنێتە سـەر عـەونی یوسف بۆ ئەوەی پەیوەندی لە گەڵ بارزانیدا بکـات بـۆ ئامادە بوون لە کۆنگرەکەدا بـەو بیـانووەوە کـە ابراهیـم احمـد و ئەندامانی سـەرکردایەتی بە تـەمان لـە سـەرۆکایەتی پـارتی دووری بخەنـەوە. لە لایـەکی دیکـەوە زۆر لـە عـەونی یوسـف دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندی لە گەڵ بارەگای پارتیدا بکـات لـە بەغداد وپێیـان بڵێـت کـە بـارزانی نایـەوێت لـە کۆنگرەکـەدا بەشـداری بکـات و ئـەم کردەوەیـەش، کردەوەیـەکی زۆر ناشـیرینەو لـە ڕاسـتیدا، سـووکایەتیە بـۆ پـارتی کــە سەرۆکەکەی لە کۆنگرەکـەیدا بەشداری نـەکات و دەبـێ لـە سەرۆکایەتی  دوور بخرێتەوە.

لە کاتێکدا عەونی یوسف بە تەلیفون لـە گـەڵ ئـەندامێکی سـەرکردایەتی پـارتیدا لـە بارەگـای بـەغداد خـەریکی ئـەم قسـانەیە، ئەندامەکـە لـێی دەپرسـێت لـە کوێـوە تـەلیفۆن دەکەیت؟ عـەونی یوسـف دەڵـێ لە (وزارەتـی دفاعـەوە)، کە گوێیان لـەو ووشـەیە دەبێت دەزانن پیلانێکە بـۆ تێکدانـی

هەواڵنامەی کتێب

نێوانی ئەوان و بارزانی دروستکراوە. قاسم لەوەشداو ئەو جارەش سەرناکەوێت.

دوای ئەوە بە بۆچوونی قاسم پارتی دیوارێک بووە لە ڕێگای دیکتاتوریەتە تاکە ڕەوییەکەیدا، بۆیا بە شێوەیەکی ئاشکرا کەوتووەتە بەربەرەکانی کردن لە گەڵیداو یەکەمین کاریش کە پێی هەڵساوە، داخستنی بارەگاکانی بووە لە نێو شارەکاندا هەروەها ڕاونانی سەرانی پارتی و گرتنی هەندێکیان و بەند کردنیان و داخستنی ڕۆژنامەی خەبات -تاکە ڕۆژنامەی پارتی- لە نەورۆزی ساڵی ١٩٦١دا، تەنیا لە بەر ئەوەی ڕەخنەی لە ڕژێم گرتووە لە بەر جێ بەجێ نەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە کوردی داووە هەروەها داوای کردووە کە ڕژێم هەرچی زووتر دەبێ زیندانیە سیاسیەکان ئازاد بکات و ڕێگا بە هەڵبژاردنی ئازاد بدات و واز لە ڕاونانی سەرانی پارتی و پارت و ڕێکخراوەکانی دیکەش بهێنێت. هۆیەکی دیکەی داخستنی ئەوە بووە کە لە نووسینێکدا خەبات لە بەندی دووهەم و سێهەمی دەستووری کاتی عراق کۆڵاوەتەوەو باسی لێکردووە.

هۆیەکی دیکەی تێکچوونی نێوان کوردو ڕژێمی بەغداد، پشتگوێ خستن و ساردی پیشاندان بووە لە جێ بەجێ کردنی ئەو خاڵانەی دەستووری عراق کە پەیوەندی بە کوردەوە هەبووە بە تایبەت بەندی سێهەمی.

ئەگەرچی بەر لە دەست پێکردنی شەڕ سەرانی پارتی هەوڵیان داوە کە بارو دۆخەکە ئارام بکەنەوە، لە ڕێگای گووتو وێژی ئاشتی و چارەسەری سیاسییەوە، بەو بۆنەیەوە لە سەرەتای مانگی شەشی ١٩٦١ دا چەند داوایەکی کەم و ئاسان، کە سەرچاوەکەی لە دەستووری کاتیەوە هەڵقووڵاوە، پێشکەش بە ڕژێم کردوە، وەکو دروستکردنی قوتابخانە لە کوردستانداو پەرەدان بە بە کارهێنانی زمانی کوردی و دروستکردنی ڕێگاو، پردو نەخۆشخانەو دامەزراندنی فەرمانبەری کورد لە کوردستاندا، بەڵام وڵامی قاسم ئەوەبووە کە بڕیاری داوە، ئیتر پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتێکی ئازاد نیەو قەدەخەکراوە، هەروەها بڕیاری گرتنی ڕابەرانی کوردی بە ئاشکرا دەرهێناوەو، ئەم کارەی ڕژێم بووە کە بووە بە هۆی ئەوەی سەرانی کورد خۆیان بشارنەوەو لە پاشاندا هەڵبێن و ڕوو لە چیا بکەن.

بەوەش قاسم دەستی لە یەخەی کورد نەکردوەتەو وەک هەمووان دەزانن لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٦١ سوپای (برایەتی کوردو عارەب!!!) ی، بەرەو کوردستان ڕەوانە کردو فەرمانی هێرشی سەرتاسەری وسوتاندن و وێرانکردنی شارو گوندانی کوردی بە هەموو جۆرە بۆمبایەک - لەوانە ناپاڵم - دەرهێنا.

قاسم، بەو کردەوەیەی بووە هۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بە ناچاری، بڕیاری دەست پێکردنی شۆڕش بدات، لە پێناوی بە دەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆیداو بۆ ئەوەی کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دیکەی جیهان ئەو مافانەی هەبێت کە ئەوان هەیانە.

لە گەڵ ئەوەدا کە شۆڕشی ئەیلول، لە کات و لە توانایییەکی هەڵەدا دەستی پێکرد، بەڵام چارە نەبوو چونکە سەربازو جاشەکانە قاسم بە هەموو شارو گوندو چیاکانی کوردستاندا بڵاوەیان لێکردبوو، وە بە هەموو جۆرە چەکێکی سووک و سەنگین و بە هەموو هێزو توانایەکیانەوە، خەریکی کورد کوشتن و ماڵ وێران کردن بوون. لێرەدا شایانە باسی ڕووداوێکی دیکە بکەم کە لە ڕاستیدا دڵسوتێنەرە، ئەویش هەڵوێستی هەندێک لە عارەبە شۆڤینیەکانە بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلول کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیاندا دەکەوێتە بەر چاوو بە تایبەت پاش شۆڕشی گەلاوێژ کە دەڵێن:-

" گیروگرفتی کورد لە عراقدا ڕوداوێکی تازە نیە، بەڵکو جووڵانەوەیەکی کۆنە لە پێناوی بە دەست هێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد، بەڵام پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ ڕێبازێکی تازەی گرتە بەر چونکە ئەوانەی پێی هەڵسان ئاغاو

کتێبخانەی کوردی

دەرەبەگەکانی کوردستانی دژ بە یاسای (الاصلاح الزراعي) بوون، بەلام لە ساڵی ١٩٦١ دا پارتی هەلی هاتە دەست و هەوڵی دا دەست بخاتە سەری و بە کاری بهێنێت لە پێناوی ئارمانەکانی خۆیداو دژ بە رژێمی قاسم".

بەڵێ بەرێزان ئەو پارتە شۆڤێنیانە بەم کردەوەیان و بەم بۆچونانەیان هەموو خوو رەوشتێکی مرۆڤانەیان خستووەتە ژێر پێوەو وهەموو هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی نەتەوەی کوردیان دژ بە رژێمی پاشایەتی و لە پێناوی رزگاری عراق و سەرکەوتنی شۆرشی گەلاوێژ لە بیر کردووەو لە نێو بردوە، کە لە راستیداو بە بۆچونی من، ئەو پەری بێ وەفاییان دەردەبرێت.

بەرێزان /

بەم جۆرە مەشخەڵی شۆرشی رزگاریخوازی کورد لە کوردستاندا دەستی پێکرد. وەک باسکرا هۆی سەرەکی دەست پێکردنی خودی عبدالکریم و هاورێ دڵ رەش و خوێن رێژەکانی بوون، کە تاوانی ئەوەی هاتووەو دێتە سەر نەتەوەکەمان لە ئەستۆی ئەواندایەو و ئەوانەی پاش ئەویش کە دەسەلاتیان لە عراقدا کەوتووەتە دەست، تا دەگاتە رژێمەکەی ئێستا.

هەولێرنامەی کتێب

لە سەردەمی قاسمەوە تاوەکو ئێستاش نەتەوەکەمان هەر لە ژێر زۆرو ستەمی کار بەدەستانی بێ ویژدانی بەغدادا دەناڵێنێت.

تاوەکو ئێستاش لاوان و پیرو ژن و منداڵی کورد پۆل پۆل بە دەستی خوێنرێژانی بەغداد دەکوژرێن و هەڵدەواسرێن و زیندانی دەکرێن.

تاوەکو ئەمرۆ گوندو شارەکانی کوردستان وێران دەکرێن.

تاوەکو ئەمرو باخ و دارو بێستانەکانی کوردستان دەسوتێندرێن و کانیاوەکان چیمەنتۆ رێژ دەکرێن.

تاوەکو ئەمرو بارانی ژاری کیمیاوی بە سەر کوردستاندا دەبارێندرێت.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی دڵتەزێن و دڵسووتێنەرە، لە سەرەتاوە تاوەکو ئەمروش ئەوانەی بەو کارە ناڕەوایانە هەڵدەستێن عارەبن.

ئیتر پێم ناڵێن، ئێمەی نەوەی ئەمروی کورد، چی باوەرێکمان بە برایەتی عارەب هەبێت و بە بێ شەرم دەڵێم *چی دڵێکمان بە ئێوەی عارەب خۆش بێت؟*.

بەرێزان/

لە گەڵ هەموو ئەوانەدا کە باسم کرد شایانە بگوترێ کە شۆرشی ١٤ی گەلاوێژ هەندێک چاکەشی لە سەر ئێمەی کورد

هەیەو نابێت بێوەفا بین و لە بیری بکەین، وەک ئێوەی عارەب ئەوانەی ئێمەتان لە بیر کردووە. لەوانە:-

١. هەڵوەشـاندنەوەی یـەکێتی نێـوان عـراق و اردن، لـە ١٩٥٨/٧/١٥. یەک ڕۆژ باش سەرکەوتنی شۆڕشەکە.

٢. هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بەغداد، ئەویش بە دەرچوونی عراق لە پەیمانەکە لـە ڕۆژی ١٩٥٩/٣/٢٨. بـە پێچەوانـەی ئەوەوە کە زۆر کەس یا لایـەن بۆی دەچن، پـەیمانی بـەغداد، سەد لە سەد دژ بە ئاوات و ئارمانی نەتەوەی کورد بوو، چونکە لە نێوان وڵاتانی دابەشکەرو داگیرکەری کوردستاندا بوو.

٣. وەرنـەگرتنی یارمەتیـە پێشـنیاز کراوەکـانی ئـەمریکا لـە ١٩٥٩/٥/٣٠ دا، چونکە لەوەو بەر لە ساڵی ١٩٥٤ دا پـەیمانێک مۆر کرا بوو لە نێوان ئەمریکاو عراقدا، بە گوێرەی ئەو پەیمانـە دەبوایە ئەمەریکا یارمەتی ئابووری و سوپایی عراقی بدابایە لـە کاتی پێویستیدا.

لە کۆتاییدا پێویسـتە بگوترێت کـە داگیرکـەری ئینگلیزو ڕژێمـی عراقــی ژێـر دەسـتـەیان لـە سـەرەتای دامـەزراندنی دەوڵەتی عراقەوە، نەیانهێشتووە بۆ تەنیا ڕۆژێکیـش نەتـەوەی کورد لە ئاسوودەیی و ئارامی و لە ئاشتی و خۆشی و شـادیدا لـە سـەر خاکەکـەی خۆیدا بژێت. هـەر لەسـەرەتاوە تووشـی هەموو جۆرە زۆرو ستەم و نەشکەنجەو ئازارێکیان کردووە و لە

هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەش کراوە، بەو کردەوە ناشیرینانە وایان لێکردووە کە دەست بکات بە شۆڕشی دژ بە داگیرکەران و نۆکەرانیان لە ناوچەکەدا. شۆڕش لە پێناوی بەدیهێنانی کەمترین ماف لە مافە ڕەواکانی خۆی.

ئەوەی جێی داخە کۆنە پەرستان و نۆکەران وکلکە بە کرێ گیراوەکانیان، دەیان نێوو نێونازی ناڕەواو دوور لە ڕاستیان نووساندووە بە شۆڕشەکانمانەوە، جارێک کردوویانە بە شۆڕشی جودایی خواز و جارێک شۆڕشی ئینگلیزی و جارێک ئەمەریکای و جارێک کۆمۆنیستی، لە کاتێکدا شۆڕشەکەمان، شۆڕشێکی پاکی نەتەوەیی ئازادیخوازانەی بێگەردە و لە پێناوی ڕزگار کردنی نە تەنیا نەتەوەی کورد بەڵکو سەرتاسەری عراق لە تۆی کەڵپەی ژاراوی ئیمپریالیست و نۆکەرانیان، ئەوانەی کە لە هەموو کەس باشتر دەزانن شۆڕشی کورد شۆڕشی جودایی خواز نەبووە و زۆر چاکیش دەزانن ئەو شۆڕشە هەرگیز، دەستکردی خۆیان نەبووە، چونکە ئەگەر ببوایە، بۆچی بەو جۆرە دڕندانەیە ڕەفتاریان لە گەڵیدا دەکرد و هەوڵی ڕوخاندیان دەدا ؟.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، وڵاتە ئیمپریالیستەکان، لە هیچ جۆرە یارمەتیدانێکی ڕژێم دریخیان نەکردووە بۆ لە نێو بردنی شۆڕشەکانمان.

لێرەدا پرسیارێک دێتە نێوان کە ئەمەیە، ئینگلیز چی کەڵکێک وەردەگرێت لە دروست کردنی شۆرشێک دژ بە رژێمێک کە دروستکردەو نۆکەری خۆیەتی؟.

ئەگەر شۆرشی کورد لە لایەن هێزەکانی ئیمپریالیستیەوە پاڵپشتی بکردرابایە، کام هێز بوو بتوانێت بیڕوخێنێت و لە نێوی بەرێت؟. یا بۆچی ئەوەندە درێژەی دەخایاندو زووتر نەدەگەیشت بە ئاوات و ئارمان ؟، یا مەگەر هەر ئەو ولاتە ئیمپریالیستانە نەبوون کە خۆیان کوردستانیان دابەش کردو هەر بەشێکیان خستە ژێر دەسەلاتی ولاتێکی دەستکردو نۆکەری خۆیانەوە ؟.

ئەمرۆش ولاتانی رۆژئاوا بۆ ئەوەی جارێکی دیکە تۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لە نێوان خەلکی عراقدا بروێنن، بە چاووی خۆمان دەبینین بایەخ بە لایەنێک لە لایەنە ئۆپۆزیسیونەکانی عراق دەدەن و لایەنەکانی دیکە پشت گوێ دەخەن بە تایبەت پاش رووداوەکەی کوێت و راپەرینی کورد لە کوردستان و عارەب لە خوارووی عراق. ئەوەی جێی داخە هەندێک لە لایەنەکانی ( المعارضة العراقية )، ئەوانەی کە سەر لە سیاسەت دەرناهێنن و بێ ئاگان لە فروفێلی ولاتانی رۆژئاوا، بە هەلەدا دەچن و پەنجەی تاوانی خۆفرۆشی بۆ شۆرشی کورد درێژ دەکەن و دەلێن خۆی هاوێژتووەتە باوەشی

هەواڵنامەی کتێب

ئیمپریالیستەکانەوە، تەنیا لە بەر ئەوەی کە دەبینن هەندێک لە ڕێکخراوە خێرومەندەکانیان دەستی یارمەتی بۆ ڕەش و ڕووت و تین و و برسی کورد درێژ دەکەن، لە کاتێکدا خۆیان لە تەوقی سەرەوە تا نووکی پێ،ی، خۆیان خستووەتە بن دەستی وڵاتانی ڕۆژئاواوەو بە بێ بڕیاری ئەوان هەناسەی لاسایش هەڵناکێشن و لە خۆشترین پایتەختەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادا خەریکی خۆش ڕابواردنن؛ هەروەها، لە کاتێکدا کە تاوەکو ئەم چرکەیەش دەیان هەزار منداڵ و ژن و پیاوو گەنج و پیری کورد، لە کوتە ئەشکەوت و لە بن خێوەتە شڕو دڕاوەکاندا لەشی ڕوتیان لە شەڕدایە لە گەڵ سەرمای زستانی بێ بەزەیی و گەرمای هاوینی لەش برژێنەردا، هەروەها، لە کاتێکدا کە وڵاتانی ئینگلتەراو ئەمریکاو فەرەنساو هەموو وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا چەندین جار، بڵاویان کردووەتەوە کە، هەرگیز لە گەڵ دابەشکردنی عێراقدا نین و هەرگیز لە گەڵ دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆدا نین بۆ نەتەوەی کورد لە عێراقدا.

بەڕێزان/

بە بۆچوونی من ئەم گومان و بۆچوونە هەڵانەی (المعارضة العراقية)، هەمووی لە ئاکامی هەڵەکانی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژە کە بوو بە هۆی چاندنی تۆی ناکۆکی لە نێوان خەڵکی عێراقدا

هەواڵنامەی کتێب

بە کوردو عارەبەوە، هەروەک و ڕوخان و سەرنەکەوتنی لە جێ بەجێ کردنی ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی عراقی دابوو.

ڕاستە شۆڕشەکە، تووانی سەر بکەوێتە سەر ڕژێمی پاشایەتی و بیڕوخێنێ، بەلام هەرگیز نەیتوانی ڕژێمێکی جێگری لەو باشتر بهێنێتە بوون. ڕژێمێک کە بتوانێت، ژیانێکی خۆشی پڕ لە شادی و ئازادی سەر بەخۆیی بۆ خەڵکی عراق دروست بکات و هەرگیز نەیتووانی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی شۆڕشگێرانە بهێنێتە بوون و نەیتووانی بەندەکانی دەستووری کاتی کە جێگری دەستووری کۆنی هەمیشەیی، ڕژێمی، پاشایەتی بوو، جێ بە جێ بکات و ولات بەرەو سەربەخۆیی و دیموکراسی و هاوولاتیان، بەرەو ئازادی و و پێشکەوتن بەرێت.

بارو دۆخی ئەمرۆ، کە ڕوژی سەدان کەس دەمرێت، لە برساندا و لە بەر بێ دەرمانی و بێ شوێنی و جێگایی، لە سەرتا سەری عراقدا، لە گەنج و پیرو ژن و منداڵ، باشترین بەڵگەیە بۆ گووتەکەی من. بۆیا بە بێ ترس و بە بێ گومان، دەتوانم بڵێم شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ سەرنەکەوت و شکا، لەو ڕووەوە، کە بتوانێت، ئاوات و ئارمانی خەڵکی عراق بە هەردوو نەتەوە سەرەکیەکەیەوە کە کورد و عارەبن، بە دیبهێنێت.

بەڕێزان، ئەی ئەوانەتان کە هێشتا دڵتان بە عیراق خۆشەو لە پێناوی سەربەخۆیی و ڕزگار بوونیدا، هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن و چالاکی دەنوێنن/-

- لە بەر ئەوەی بارو دۆخی سیاسی نێو خۆو جیهانی کارێکی وای کردوە کە تا ماوەیەکی دیکەش دوور یا نزیک پێکەوە لە ژێر سیبەری یەک ئالادا بژین؛ وەرن تا گەیشتنی ئەو وەخت و کاتە، با دەستی یارمەتی بۆ یەک درێژ بکەین و بێینە سەر یەک بڕیارو یەک ڕێگا، پشت لە پشتی یەک بنێین و بە هیچ جۆرە ڕژێمێک پەسەندە نەکەین، تەنیا ڕژێمێکی هاوبەش بۆ کوردو عارەب لە عراقێکی ئازادو سەربەخۆدا نەبێت، چونکە تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی ئەم ڕێگایە تەنیا ڕێچارەیەو هیچ ڕێگایەکی دیکە برینی کۆن و دوورو درێژ خایانی دڵمان چارەسەر ناکات. هەموومان دەزانین کە ئێمەی کوردو ئێوەی عارەبی عراق، هیچ هاوڕێ‌و دۆستێکی دڵسۆزمان نیە، خۆمان نەبین.

تەماشایەکی ئێمەی کورد بکەن و ببینن چۆن لە چووارلاوە بە دوژمن ئابلوقە دراوین.

تەماشایەکی خۆتانی عارەب بکەن، تاکو وڵاتە عارەبەکانی دیکە بە چاووی عارەبەوە تەماشاتان ناکەن. بە ڵکو بە عراقی لە قەڵەمتان دەدەن و نێوتان دەبەن و بە ئاشکرا لە خۆیانتان

هەواڵنامەی کتێب

چـووڕدا دەکەنـــەوەو وەکـــو بێگانــــە ڕەفتارتـــــان لــــە گـــەڵدا دەکەن.کەواتە وەرن:-

- با پڕ بە دڵ، جگــە بۆ پــەرژەوەندی کـوردو عـارەب لـە عراقێکی دیموکراسیدا، بۆ شتێکی دیکــە هــەوڵ نــەدەین و خوێنی خۆمان نەڕێژینە خاک.

- با ئەوەی هەمانە بۆ خۆمان بێت، ئەگـەر نـانێکی ڕەقـو مژە ئاوێکیش بێت.

- با بەرامبەر بە یەک بە وەفا بین و کردەوەکـانی یـەکتی لـە پێنـاوی دروستکردنی عراقدا لـە بـیر نەکـەین، چونکـە لــە سەرەتاوە، ئەوەی ئێمەی کورد بۆ عراقمان کردووە، ئەگـەر بـۆ دامەزراندنی وڵاتێکی سەر بەخۆمان بکردبایە، بێگومان پـێی گەیشتبووین. ئەوەتا مستەر ڤێرسینی ئینگلیزی دەڵێت:-

"سەربەرزی لە دامەزراندنی وڵاتی ئێستای عراق لە نێـو ئەم سنوورە فراوانەدا دەگەڕێتەوە بۆ نەتەوەی کورد".

ڕاست دەکات مستەر ڤێرسن، چونکە نەتەوەی کـورد بـوو کە دەنگی دا لە گەڵ ڕژێمی عراقدا بمێنێتەوە لە بریتی ئـەوەی لە گەڵ تورکیادا، پاش ئەوەی زانی بارو دۆخی جیهـانی ڕێگـای دامەزراندنی وڵاتی سەربەخۆ بە کورد نادات و پاش ئـەوەی کـە لای کـورد ئاشـکرابو کــە لــە مێـژوودا هیـچ جـۆرە شـەڕێک ڕوونەداوە لە نێوان کوردو عارەبدا وەکـو نەتـەوە، -تـا وەکـو

ڕژێم-، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە لە نێوان کوردو تورک یا کوردو عەجەمدا ڕووی داوە.

- تێ بکۆشین لە پێناوی جێ بە جێ کردنی بەندی سیهەمی دەستووری شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ.

- با هەوڵ بدەین مانای شمشێرو خەنجەری نەقش کراوی سەر دروشمی شۆڕشەکە، شی بکەینەوەو تەنیا وێنەی سەر کاغەز نەبێت و وەکو ڕاستیەکیش بە کاری بهێنین.

- با تێ بکۆشین لە پێناوی لە بیر کردنی ڕابوردووی ناخۆش و لاپەڕەیەکی تازە بۆ پێکەوە ژیانی تازەمان بکەینەوە، کە پڕ بێت لە شادی و خۆشی و پێکەنین بۆ ئەندامانی هەردوو نەتەوە ستەم لێکراوەکەمان.

- با لە ڕژێمدا هاوبەش بین و بە هاوبەشی بیبەین بە ڕێوە. هەر کاتێکە وا بووین، ئەو کاتە دەتوانین ناوی هاوڕێ لە خۆمان بنێین و دڵ بەو هاوڕێتیە خۆش بکەین.

- با دوو ووشەی کەمایەتی و زۆرایەتی لە فەرهەنگی مێژووی سیاسیماندا ڕەش بکەینەوەو هەرگیز ناوی نەبەین.

- با بە جیهانیان بسەلمێنن کە ڕادەی زانستی سیاسیمان وا بەرز بووەتەوە کە دەتوانین بە بێ ڕوودانی، بچووکترین گیروگرفت، وڵاتەکەی خۆمان ببەین بە ڕێوە.

بەڕێزان /

- چی تێدایە ئەگەر کوردێکی لێزان و بە توانا ببێت بە سەرەک کۆماری عێراق، یا سەرەک شالیاران و یارمەتی دەرەکەی عارەبێکی بە توانا بێت. یا بە پێچەوانەوە.

- چی تێدایە کە زمانی کوردی لە سەرتا سەری خاکی عێراقدا زمانی دووهەمی نەتەوەی عارەب بێت و عارەبیش بۆ کورد.

بەڕێزان/

وەرن با پێکرا هەوڵ بدەین لە پێناوی لە نێو بردنی ڕژێمی خوێن ڕێژی ئێستای عێراق و دامەزراندنی ڕژێمی تایبەت بە خۆمان. بەڵام، بە دەستی خۆمان، بە خوێنی خۆمان و بە فرمێسکی چاووی خۆمان و ئاووی نێوچاوانی خۆمان.

-با ئیتر پشت بە بێگانەگان نەبەستین. لە بیر کردنەوەدا، بۆ دروست کردنی قەڵای ئاوات، چاوو نەبڕینە دەستی بێگانەو بە تەمایان نەبین و ئەوان لە مێشک و بیری خۆمان دەربهێنین و نێویان بسرینەوە، چونکە پشت بەستن بە بێگانەی ڕاست و چەپ، شوێنی کڵاوی با بردو کەوتنەو تەقە لە تاریکی کردنەو نووقم بوونە لە گۆلاوی بێ بن و بێ سەرچاوەو بێ کۆتاییدا.

- وەرن با داوا لە پارتە عێراقیەکان بکەین، بە کوردو عارەبەوە، کە سەر بۆ داواو بڕیارەکانی گەلی عێراق دابنوێنن و واز لە ئاوات و ئارمانە تەنگەکانی پارتەکانیان بهێنن و بکەونە

هەوڵدان لە پێناوی ئارمانی سەرەکی گەلی عراقداو لە ڕوانگەی بەر تەنگی پارتەکانیانەوە تەماشای ئارمانەکانی گەلی عراق نەکەن و هەموو پێکرا دەست لە دەست تێبکۆشن بە هەموو توانایەکەوە کە لە بن دەستیاندایە لە پێناوی لابردنی ڕژێمی ئێستاو دامەزراندنی ڕژێمێک کە بزانێت مرۆڤ چیەو مرۆڤایەتی چی مانایەک دەداتەوە.

زۆر سوپاس بۆ دڵ فراوانیتان و بە خودای گەورەتان دەسپێرم.

هەواڵنامەی کێڵ

# پەیوەستی ژمارە (١)

چەند جارێک لەمەو بەر، بەر لە گوتار خوێندنەوە داوام لێکراوە کە وێنەیەکی بابەتەکە بدەم بە لێپرسراوان بۆ پەسەند کردنی بەڵام کە دراوەتەوە دەستم وەکو لەقلەقەکەی مەلا نەسرەدینیان بەسەر هێناوە و باڵ و دەنووک و قاچیان کورت کردووەتەوەو ئەگەر ٥٠ دێڕ بووە بڕیار لە سەر خوێندنەوەی تەنیا چووار دێڕی دراوە و منیش لە کاتی چوونە پشت مایکروفۆن ئەوەی ئەوانم خستووەتە بەرێکی باخەڵمەوەو لە بەرەکەی دیکە دەقە ڕەسەنەکەی خۆمم دەرهێناوەو هێشتا ڕێکخەران لە مشت و مڕی چی بکەین و چی نەکەیندا بوون من گوتاری خۆم خوێندوەتەو ئەو پەیامەی ویستوومە گەیاندوومەتە گوێی دانیشتووان، تەنیا جارێک نەبێت لە ساڵی ١٩٧٣ کە لە شاری دهۆکی باشووری کوردستاندا بانگ کرابووم بۆ ئاهەنگی دامەزراندنی یەکێتی نووسەرانی کوردی، لقی دهۆک و داوایان لێکردم کە گوتارێک بەو بۆنەیەوە بخوێنمەوە،

ڕێکخەری سەرەکی ئاهەنگەکە، هەڵخەڵەتاو هاشم عقراوی بوو، کە ئەو سەردەمە پارێزگاری شاری دهۆک بوو یاریدەدەریشی علاء عقراوی بوو، کە هەم خزمی هاشم بوو هەم سکرتێری. چەند ڕۆژێک بەر لەوە هاشم عقراوی _کە دراوسێی ڕووبەڕووی بووم _ داوای لێکردم کۆپیەکی ئەو گوتارەی کە دەیخوێنمەوە لە ڕێگای علاءوە بۆی بنێرم و گوتی با بە زاراوی سۆرانی بێت تا میوانەکان بزانن لە شارەکەماندا سۆرانی و بادینی هەن و لە یەکتر تێدەگەین. بەشی دووهەمی داواکەی گومانی خستە مێشکمەوە. ڕۆژی داهاتوو لە علاءم پرسی میوانەکان کێن؟. گوتی "*زۆربەیان لە برا عارەبەکانمانن*" بۆم دەرکەوت هەر چەندە بەعسی و دوژمنی کورد هەیە لە دهۆک و دەورو بەری لە (فرماندەی لیواوە بگرە تا دەگاتە ئەفسەرە گەورەکان و لێپرسراوی پارتی بەعسی دهۆک) هەموو بانگهێشت کراون، ئەو کاتە زانیم هاشم عقراوی هەڵخەڵەتاو دەیەوێ من بخەڵەتێنێ و هیچ کەسێک لە دانیشتوان بە کوردو عارەبەوە تێنەگەن من چی دەڵێم، کورد گوتەنی: "گوێزی هەورامانیان لێ بژمێرم". منیش بۆ ئەوەی لەو هەڵە خۆم بێبەش نەکەم، گوتارێکی مام ناوەندیم نووسی و دام بە علاء و ئەویش دابوویە بە هاشم و دیسانەوە وڵامم بۆ هاتەوە کە توندەو هاشم خۆی بە سۆرانیە شکاوەکەی نەرمی کردووەتەوە

و منیش لە دڵی خۆمەوە گوتم شەرتە لە پۆلا توندترو لە ئاگر گەرمتری بکەمەوە. لە رۆژی ئاهەنگەکەدا و لە سەر شانوو لە پشتی مایکرۆفۆندا، گوتارەکە، درا بە دەستمەوە، واقم وورما کە بینیم تەنیا بە خێر هاتن لە مێوانەکان و پیرۆزبایی لە تووسەرانی دهوکەو منیش بە بێ خۆ شێواندن بە سورانیەکی پەتی کە هاشمیش لێی تێنەگات ووشەکانم خوێندەوەو بە بێ بچڕاندنی زنجیرەی گوتەکەم کەوتمە عارەبی قسە کردن و داوای لێبوردنم لە ئامادە بووان کرد کە نەمدەزانی مێوانی عارەب دێن ئەگینا گوتارێکی شایان بەوانم ئامادە دەکرد، هەروەها گوتم بەلام بۆ رێزگرتن لە ئێوەی بەڕێز هەوڵ دەدەم چەند ووشەیەکتان بە عارەبی بۆ بڵێم. ئەمەیان گوێ لێبو دەستیان کرد بە چەپلە لێدان هاشم و علاء نەبێت تەماشای یەکیان دەکردو ڕەنگیان زەرد وەرگەڕابوو شێوەیان پەشۆکابوو، هاشم هەم توندو تیژی منی دەزانی و هەم دەیزانی بەرامبەر بە کردەوەکەی تۆڵە وەردەگرم، بۆیا هەر کە من دەستم کرد بە عارەبی قسە کردن علاءی بانگ کردو شتێکی خوێند بە گوێیداو علاء نەرم نەرم بەرەو گۆشەیەکی هۆڵەکە چوو منیش بەردەوام بووم لە خوێندنەوەی نامەیەکدا کە دوای گۆڕینی گوتارەکەم لە لایەن هاشمەوە، نوسیبومەوەو سێ ڕۆژی خایاند تا ئەزبەرم کرد و لە ژێر نێوی (رسالة الی

صديقي الفلسطيني )، نامەیەک بۆ هاورێ فەلەستینیەکەم، کە سەرجەم دژ بە رەفتارو کرداری نارەواو ناشیرینی بەعس بوو دژ بە نەتەوەی کورد. هێشتا لە سەرەتای نامەکەدا بوم کە غەڵبە غەڵبو نقو جق کەوتە هۆڵەکەوە، سەرتا پێ لەشم ببو بە ئاو و لە قسە کردندا بووم کە هاشم هەستایە سەر پێو هاواری کرد " رایگرن ئەمە ئەو قسانە نیە کە بڕیار بو بیخوێنێتەوە"، علاء خۆی گەیاندە سەر سەکوی شانۆکەو مایکرۆفۆنەکەی رفاند، کوردانی دڵسۆزو هەندی لەو لاوانەی کە خۆم بۆ ئەوێم بردبوون هەستانە سەر پێو دژ بە کردەوەکەی هاشم راوێستان پاش ئەوەی گوێیان لێبو و زانیان هاشم رقابەی خستووەتە سەر گوتارەکەی من کە لە راستیدا مێوان بووم لە شارەکەیاندا. بەر لەوەی پۆلیسە وورگنەکانی هاشم دام بگرن بە عارەبی بە هاشمم گوت، ویستت بە سۆرانی بینووسم بۆ ئەوەی برا عارەبەکانت و لێپرسراوە بەعسیەکانت لێم تێنەگەن و ئێستاش بۆ رازی کردنی دڵی ئەوان کوردێک لە قسە کردن رادەگریت و قەدەغەن دەکەیت، مردن بۆ تۆ لەم سەر شۆڕیە چاکترە ، لە سەر سەکوەکە دایان گرتم و کوردانی دڵسۆزی دهۆکی منیان لە دەستیان دەرکردو هەندێ لە نووسەران ویستیان هۆڵەکە بە جێ بهێڵن، بەلام تکام لێیان کرد ئەو کارە نەکەن چونکە ئەوەی ویستمان گوتمان، بەلام

ئەو شەوە دوا شەوم بوو لە نێو شاری دهۆک و لە سەر داوای مام اسعد خۆشەوی گوێزامەوە بۆ سەرسەنگ وچەند مانگێک نەگەڕامەوە چونکە کوردان گوێیان لێبێبو لێپرسراوی بەعس هەڕەشەی لێم کردبو. بۆ ئاگاداری زۆرتر هاشم عقراوی پاش ئەوەی لە لیژنەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ عزیز رشید عقراوی و اسماعیلی مەلا عزیز (اسماعیل کەچەڵ) هەڵهاتن و چوونە باوەشی بەعسەوە، تەنیا ئەویان بە شێوەیەکی رەسمی ببو بە بەعسی و هەر بەعسیش مایەوەو نەگەڕایەوە نێو شۆڕش کە لە ساڵی ١٩٧٤ دا، دەستی پێکردەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێگای کوردایەتی

- ڕێگایەکە دڕێژ خایەن و پڕ لە مەترسی. زیندان و شکەنجەو بڕین و بڕسیەتی و تینوویەتی و بێبەرگی و دەربەدەری و ئاوارەیی و لۆمەو تانەو تانوت لێدان، ئاسانترینی ئەو بەسەرهاتانەن کە تووشی ڕێبوارانی ڕێگاکە دەبن، بێگومان لە لایەن ڕێبرانی نێوخۆو دەرەوەییەوە.
- تەنیا ڕێگایەکە کە کورد بەرەو ئازادی دەبات و کوردستانیش بەرەو ڕزگاری.
- ڕێگایەکی بەرفراوانتر لە ڕێگای تەنگی پارتایەتیە، ڕێبوارانی لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانترو دوورببینترو تیژبینترەوە دەڕواننە ئەندامانی ئەتەوەکەمان هاوڕێ و هاوبیرو یەکسان، دەیانژمێرن و تەماشایان دەکەن، بە پێچەوانەی پارتایەتیەوە کە تەنیا بەشێکی زۆر کەم دەگرێتەبەر کە ئەوانیش ئەندامانی خودی پارتەکەن.

## بیروباوەڕی کوردایەتی

- تەنیا بیرو باوەڕێکە کە کوردی هەموو گۆشەو قوژبنێکی کوردستان بە ئەندامی یەک خێزان و یەک خانەوادە دەژمێرێت و ئاشتی و خۆشەویستی یەکتری دەئاخنێتە مێشکیانەوەو دەڕژێنێتە نێو دڵیانەوە.
- بیرەباوەڕی کوردایەتی لە مێشکی کوردپەرستانەوە دەردەکەوێت و دەچێتە مێشکی کوردپەرستانەوە و بە ناو تۆی کورد و خوێنی کوردیش پەروەردە دەکرێت بە دەست و بازووی کوردیش ئارمانی لە چاووگیراو کە دامەزراندنی وڵاتی کوردستانی سەربەخۆیە، بە دەست دەهێنێت.
- ئەگەر باوەڕت بەو خاڵانەی سەرەوە هەیەو بۆت سەلمارە کە داگیرکەرانی کوردستان، ڕزگارکەری نین، ئەوە جێگای ئومێدی، ئەگەر نا، دەست لە خۆت بشۆرەوە.